Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-14

# کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا -لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە شاری کەلار

**بختيار كريم رحيم[١]، خليل محمد براخاس[١]، مناضل عباس قاسم [٢]**

١- بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- بەشی دەروونناسی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October,2025** |

**Keywords**

**ستراتیجی، نەخشە هزرییەکان، دەستکەوت ، بیرکردنەوەی بینینی.**

**Corresponding Author**

Baxtyarkarim779@gmail.com
Munadil.abbas@garmian.edu.krd
khalil.mohammed@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی. بۆ سەلماندنی ئامانجەکان توێژەر سێ گریمانەی سفری داڕشتووە.

توێژەر دیزاینی ئەزموونی گرووپی هاوسەنگی بەکارهێنا، کە دوو گرووپ لەخۆدەگرێت، گرووپی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان وانەیان دەخوێند و گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان دەخوێند، بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی بینینی و تاقیکردنەوەی پاشی بۆ دەستکەوت.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کەلار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، کە ژمارەیان (٣٨) قوتابخانە بوو، نموونەی توێژینەوە قوتابخانەی (وڵات)ی بنەڕەتی بوو، کە (48) خوێندکار بوون، دابەشکران بۆ: گرووپی ئەزموونی (٢٤) و گرووپی کۆنترۆڵکراو (٢٤) خوێندکار ، دوای دورخستنەوەی کەوتووەکان.

توێژەر هەردوو گرووپەکەی لە گۆڕاوەکانی (ئاستی خوێندەواری دایک و باوک، تەمەن، زیرەکی، نمرەی پارساڵ، زانیاریی پێشینە، تاقیکردنەوەی پێش بیرکردنەوەی بینینی) هاوسەنگکرد.

لە توێژینەوەکەدا دوو ئامراز بەکارهات: تاقیکردنەوەی دەستکەوت (٣٠ ) برگەی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك بەپێی سێ ئاستی بلوم: (ناسینەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، و تاقکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی (٣٠ برگە). ڕادەی جێگیری ئامرازەکان (٠,٩١) بۆ دەستکەوتی خوێندن و (٠,٨٨) بۆ بیرکردنەوەی بینینی بوو.

دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونەکە، توێژەر هاوکۆلکە ئاماریەکانی وەک تاقیکردنەوەی تای (T.test)و کای سکوێری بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنا.

ئەنجامەکان دەریانخست, کە جیاوازی مانادراری ئاماری لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی هەیە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر دەرئەنجامەکان لەگەڵ کۆمەڵە ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار و پێشنیازێک بۆ توێژەرانی داهاتوو خستەڕوو.

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

### 1-1- گرفتی توێژینەوەکە:

لە ئێستادا سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا ڕووبەڕووی کێشەی بنەڕەتی لە بواری ستراتیج و ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا ،کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کوالێتی فێربوون هەیە بووەتەوە. زۆرینەی مامۆستایان هێشتا پشت بە ڕێگای نەریتی دەبەستن، کە تەنها لەسەر وتن و گوێگرتن دامەزراوە و خوێندکار وەک وەرگری بێدەنگی زانیاری دادەنێت.

بەکارهێنانی ڕێگای نەریتی دەبێتە هۆی کەمی بەشداری خوێندکاران، سنووردارکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پشتگوێخستنی جیاوازی تاکەکەسی و دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕاستەقینە. مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەیان پابەندن بە ڕێگا کۆنەکانی وانەوتنەوە، کە تیایدا مامۆستا تەوەری سەرەکییە و خوێندکار پشتگوێخراوە. ئەم دۆخە لە هاندانی بیرکردنەوە و چالاکی ڕێگریدەکات (سبيتان،٢٠١٠: ١٦٥)، هەروەها خوێندکاری بێدەنگ و ناچالاك بەرهەمدەهێنێت (Hu,J,2024:213-219).

بۆ دڵنیابوون لە کێشەکە توێژەر لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری کەلار ڕاپرسییەکی کراوەی لەگەڵ مامۆستایانی جوگرافیادا ئەنجامدا، دەرئەنجامەکان ئاشکرایانکرد، کە گرفت لە بەکارهێنانی شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە هەیە، بەهۆی کەمی شارەزایی مامۆستایان لە ڕێگا نوێیەکان، بەکارهێنانی ڕێگای ئاسایی، کە مامۆستا سەنتەرە، هەروەها کەمی چالاکی خوێندکاران.

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای فێرکاریدا، پێویستە ئاوڕ لە ستراتیجیبە نوێ و چالاکەکان لە وانەوتنەوەدا بدرێتەوە (العجرش، ٢٠١٣: ٢٥)، زۆرجار خراپ هەڵبژاردنی ستراتیجی وانەوتنەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی خوێندکار بۆ مرۆڤێکی گوێڕایەڵ و ناچالاك (الجوادي، ٢٠١٦: ٢٢). توێژەر لە سەر بنەمای ئەدەبیاتی پەروەردە و بۆچوونی مامۆستایان بۆیدەرکەوت، فێرکردنی جوگرافیا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵانگاری بووەتەوە، کە توانای گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان بەتایبەتی دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی خوێندکاران سنوورداردەکات، بۆیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان هەوڵیداوە گەشە بە دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی خوێندکاران بدات.

نەخشە هزرییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی خوێندنەوە ڕێگایەکی کاریگەرن، ئەم نەخشانە وەک ئامرازێکی بەهێزی فێربوون دەبنە هۆی پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوە و قووڵکردنەوەی تێگەیشتن (الهواري، ٢٠٢: ١٠).

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە کێشەی توێژینەوەکەی دەخاتەڕوو، هەوڵدەدات وەڵامێکی زانستیانەیان بۆ بەدەستبخات:

1-ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان کاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا لە شاری کەلار چۆن و لە چ ئاستێکدا دەبێت؟

2-ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی بینینی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا چۆن و لە چ ئاستێکدا دەبێت؟

### 2-1- گرنگیی توێژینەوەکە:

ڕێگاکانی وانەوتنەوە بنچینەی سەرەکیی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونن، کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا دەگێڕێت، مامۆستایان پێویستیان بە شارەزایی لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ڕێگا و ستراتیجی گونجاو هەیە، چونکە ستراتیژەکان ڕۆڵی هەردوو مامۆستا و خوێندکار نوێدەکاتەوە (عبدالسلام،٢٠٢١: ١٨) و ئامرازێکی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ویستراوەکانی پەروەردە (الوکیل و محمود،٢٠٠١: ٢٨).

نەخشە هزرییەکان بە یەکێک لە ڕێگا مۆدێرنەکان دادەنرێت، کە خوێندکاران بە تۆڕی پەیوەندییە بەیەکەوە بەستراوەکان ئاشنادەکات و بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون کاردەکات (مارجيولز،٢٠٠٤: ٩)، هەروەها ڕۆڵی گرنگیان لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی ئەکادیمی لە ڕێگەی ڕێکخستنی زانیاری بە شێوەیەکی بینراو و لۆژیکی هەیە و یارمەتیدەرن بۆ بەرزکردنەوەی توانا شیکارییەکان و پەرەپێدانی فرە زیرەکەکان (عون، ٢٠١٥: ١٠٠-١٠١).

بیرکردنەوەی بینینی لەم ساڵانەی دواییدا سەرنجی پەروەردەکارانی ڕاکێشاوە، بەهۆی ئەو گرنگییە فراوانەی، کە لە بواری فێربووندا هەیەتی، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە زیاتر لە ٧٥٪ی زانیارییەکان لە ڕێگەی بینینەوە وەردەگیرێت (الخضور،٢٠٢١: ٦٥) و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی یارمەتی باشترکردنی تواناکانی خوێندکاران دەدات و پرۆسەی فێربوونی بەهێزدەکات (عبیر،٢٠٢٢: ١٤٨).

### -توێژەر گرنگیی توێژینەوەکەی لەم ڕووانەوەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

### لە ڕووی تیۆرییەوە:

1-پەرەپێدانی زانستی پەروەردە و زیادکردنی زانیاریی تیۆری.

2-پڕکردنەوەی بۆشایی ئەکادیمی لە کۆنتێکستی کوردی.

3-بەستنەوەی تیۆری فێربوون بە پراکتیکی وانەوتنەوە.

### لە ڕووی پراکتیکییەوە:

1-چاکسازیی سیستەمی پەروەردە و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران.

2-یارمەتیدانی مامۆستایان بە دابینکردنی ئامرازی نوێ.

3-سوودمەندی بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان لە هەڵبژاردنی ستراتیجی گونجاو.

## 1-3- ئامانجی توێژینەوەکە :

1-زانینی کاریگەری ستراتیجی نەخشەهزرییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندکاران لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا- لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە شاری کەلار.

**2**-زانینی کاریگەری ستراتیجی نەخشەهزرییەکان لەسەر گەشەپیدانی بیرکردنەوەی بینینی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا- لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە شاری کەلار.

## -گریمانەکانی توێژینەوەکە:

### 1-4-1 گریمانەی یەکەم:

جیاوازیی ئاماری لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندە نمرەی گرووپی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیجی (نەخشەی هزرییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا، کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە،.

### 1-4-2 گریمانەی دووەم:

جیاوازیی ئاماری لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیجی (نەخشەی هزرییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی بیرکردنەوەی بینینی، کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە،.

### 1-4-3 گریمانەی سێیەم:

جیاوازیی ئاماری لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیجی (نەخشەی هزرییەکان)وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشینەی بیرکردنەوەی بینینی،کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە،.

## -سنوری توێژینەووەکە:

1- مرۆیی: خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری کەلار.

2- شوێن: قوتابخانەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار.

3- کات: ساڵی خوێندنی (2024 -2025 )

4- بابەت: بەشەکانی (یەکەم, دووەم و سێیەم)ی کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا، بڕیارلێدراوی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان –عێراق، کە بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دانراوە، چاپی (هەژدەیەم) بۆ ساڵی (2024) زایینی.

## 1-5 پێناسەی دەستەواژەکان:

### یەکەم: کاریگەری:

هەریەك لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە:

-بریتییە لە توانـاداری لە جێبەجێکـردنی ئامـانجە خوازراوەکـانی فێربـوون بەپـێی پێـوەرێکی دیـاریکراو لە پێنـاو گەیشـتن بە ئامـانجە ویستراوەکان (الدریج وآخرون،٢٠١١: ١٤٣).

- پێناسەی ڕێکاری (کاریگەری) :- بریتییە لە ڕادەی ئەو کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ هەیەتی، ئەم کاریگەرییە بە ئامرازی تایبەت دەپێورێت.

### دووەم: ستراتیژی نەخشە هزرییەکان:

- ستراتیجی نەخشە هزرییەکان کەرەستەیەکی گوزارشتکاری دەربڕینە بۆ بیرۆکە و هزرو پلانەکان، بە تەنها پشتبەستن بە قسە و ئاخاوتن نییە، بەڵکو بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکەیەک، وێنە، نیگار، هێڵکاری و ڕەنگەکان پشت بە یادگە بینینیەکان دەبەستێت، تۆنی بوزان، کە داهێنەری نەخشەی هزرییە لە پێناسەکردنیدا دەڵێت: تەکنەلۆجیایەکی وێنەیی بەهێزە و کلیلێکە، کە هاوکاری مرۆڤ لە بەکارهێنانی وزەی مێشکیدا لە ڕێی خستنەگەڕی زۆربەی توانا و لێوەشاوەییە عەقڵییەکان بە (ووشە، وێنە، ژمارە، لۆجیک، ڕەنگ و ڕیتم) دەکات (بۆکانی،٢٠٢٠: ٣٤).

-پێناسەی ڕێکاری (ستراتیجی نەخشە هزرییەکان): برییتە لە ستراتیجیەیەکی وانەوتنەوەی کارا، بە بەکارهێنانی نەخشە، وێنە، ژمارە، ڕەنگ و هێما، مێشکی خوێندکاران چالاکدەکات، بیرکردنەوەی بینینیان گەشەپێدەدات، هەروەها ئاستی بەشداریکردنیان لە بابەتی خوێندندا بەرزدەکاتەوە، بۆ وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەکاردەهێنرێت.

## -دەستکەوت :

- ئەنجامی کۆتاییە، ئاستی خوێندکار دەردەخات، رادەی پێشکەوتنێتی لەو بابەتەی پێشبینیدەکرێت فێربووبێت (الواجدی،٢٠١٠: ٢٧).

- پێناسـەی رێکاری (دەستکەوت): پێوانەیەکە بـۆ دەستنیشـانکردنی ئەو زانیاری و کارامەییيـانەی خوێنـدکار لە بـابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی فێربیووە، کە لە رێگەی وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیار و نمرەی بەدەستهاتوو دەپێورێت.

## - بابەتی جوگرافیا:

هەريەك لەم کەسايەتيیانە بەم شێوەی خوارەوە پێناسەيانکردووە:

-جوگرافیـا ئەو مـادە خوێنـدنانەن، کە زۆرتـرین پەیوەنـدییان بە ژیـانی خوێنـدکارەکانەوە هەیە، لە رێـگەی گرنگیـدان بە چـاودێریکردنی توخمەکـانی ژینـگەی سروشـتی و مـرۆیی و روونکـردنەوەی دیـاردە مـرۆیی و سروشـتییەکانی دەوروبەریـان، دۆزینـەوەی پەیوەنـدییە دوولایەنەکـان لە نێـوان ئەم دیـاردانەدا رۆڵـێکی گەورەیـان لە گەشـەپێدانی توانـا عەقڵییەکـانی ئەوانـدا هەیە (العشماوي،٢٠٢٢: ٣٩٢).

- پێناسـەی (رێکـاری جوگرافیـا): بـریتییە لە لێکـۆڵینەوەی دیـاردە سروشـتی و مرۆییەکـان لەسـەر زەوی و شـیکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، هەروەها لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی ئەم دیاردانە و کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ.

## چوارەم: بیرکردنەوەی بینینی:

-پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی شیکارییە بۆ ڕاڤەکردن و تێگەیشتن لە زانیارییەکان و تێڕوانینی هزری خوێندکار لە شێوەی وێنە و هێڵکاریدا، یان هەر جۆرێکی تر، کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان (Anwar and d Juandi,2020:5).

-پێناسەی رێکاری (بیرکردنەوەی بینینی): پرۆسەیەکی گواستنەوەی هزرییە، لە رێگەی هەستەوەری بینینەوە روودەدات، دوای جوڵاندنی هزری خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیادا، بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوە، شیکردنەوە، دەرئەنجامدان و وەرگێڕانی شێوە و وێنە و نەخشە بۆ زمانی نووسراو یان زارەکی.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

### تیۆری ئۆزۆبیل

یەکێـک لە گـرنگترین تیۆرەکـان، کە پشـتگیری لە بەکارهێنـانی نەخشـە هزرییەکـان لە پەروەردەدا دەکـات، تیـۆری فێربوونی واتادارە، کە لەلایەن زانای ئەمریکی دەیڤید ئۆزۆبێلەوە (David Ausubel) گەشەپێدراوە.

دیڤیـد ئۆزۆبێـل لە مـاوەی ١٩٦٠-١٩٦٩ مـۆدێلی فێربـوونی واتـاداری پەرەپێـدا، ئەم مـۆدێلە بـریتییە لە بەسـتنەوەی زانیـاریی نـوێ بە زانیـاریی پێشـووی فێرخـواز، بەپـێی ئۆزۆبێـل فێربـوونی کـاریگەر کاتێـک روودەدات فێرخـواز بتوانێـت پەیوەنـدی نێـوان چەمـکە نـوێ و کۆنەکـان بـدۆزێتەوە، ماموسـتا دەبێـت یـارمەتی فێرخـوازان بـدات تـا زانیـاریی نـوێ بە ئەزمـوون و زانیـاریی پێشـووی خـۆی ببەسـتێتەوە، ئەم رێگـایە جەخـت لەسـەر واتـاداری دەکـات و دژ بە وەرگـرتنی زانیـارییە بە شـێوەیەکی میکـانیکی (وەرگرتنی زانیاری بە بێ تێگەیشتن) (قادر،2021: 162).

ئەم تیـۆرە لەسـەر ئەو بنەمـایە دامەزراوە و پێیـوایە، فێربـوونی ڕاسـتەقینە ئەوکـاتە روودەدات، کە بە شـێوەیەکی واتـادار زانیـاریی نـوێ پەیوەسـت بە زانیـاریی پێشـووی فێرخـواز دەکـرێتەوە، ئۆزۆبێـل بـاوەڕیوایە، گـرنگترین هۆکـار، کە کـاریگەری لەسـەر فێربـوون دەکـات ئەوەیە، کە فێرخـواز چی دەزانێـت، ئەمە بـزانە و لەسـەر ئەو بنەمـایە وانەی پێـبڵێ، ئەم وتەیە دەریـدەخات، فێربـوونی واتـادار پشـت بە بنیادنـانی زانیـاریی نـوێ لەسـەر زانیـاریی پێشـوو دەبەسـتێت، کاتێـک ئەم پرۆسـەیە بە رێگەی بەسـتنەوەی رێکخراو و تێگەیشتوو لە نێوان زانیاریی نوێ و کۆندا روودەدات (Ausubel, 1968: 4).

تیـۆری واتـاداری (دیڤیـدئۆزۆبێل) لە پـرسی فێربـوون پشـت بەوە دەبەسـتێت، مـرۆڤ پێکهـاتەی ئەقـڵی بە جـۆرێکی تـایبەتە بـۆ فێربـوونی کارامەییەکـان، کاتێـک مـرۆڤ بە کـارامەییەکی نـوێ تێـدەپەڕێت، پێکهـاتەی کارامەییەکـانی، کە فێریـانبووە، یـارمەتی هـاتنە نـاوەوەی زانیـاریی نـوێ بـۆ نـاو پێکهـاتەی پێشـوو دەدەن، لە ئەنجامـدا پێکهـاتەی ئەقـڵی دووبـارە رێکـدەخرێتەوە، بە مەبەسـتی خستنەپاڵیەکی زانیارییەکان، بۆئەوەی ببن بە بەشێکی لێکجیانەبووە (قادر،2020: 261).

### چەمکی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان (الخراط الذهنية):

تۆنی بوزان پسپۆڕی پەروەردەیی بەریتانی لە سەرەتای ١٩٧٠دا ئەم میتۆدەی بە شێوەیەکی سیستەماتیک و زانستی دارشت و بڵاویکردەوە، بە پێی تۆنی بوزان ئەم تەکنیکە توانیویەتی گۆڕانکارییەکی گەورە لە شێوازی فێرکردن و فێربوون بەدیبهێنێت و رێگایەکی نوێ پێشکەشبکات، کە لەگەڵ تواناکانی مێشکی مرۆڤ گونجاوە (Buzan & Buzan, 1996: 23). ستراتیجی نەخشە هزرییەکان شێوازێکە بۆ رێکخستن و نوێنەرایەتیکردنی زانیاری بە شێوەیەک کە (مێشك) دەستیپێبگات، ئەوەش بە ئامانجی کێشانی نەخشەیەک یان شێوەیەکە، کە لە چۆنیەتی خوێندنەوەی زانیاریی مێشك دەچێت، کە (ناوەند) بیرۆکەی بنەڕەتییە بەپێی پسپۆڕی، پۆلێنکردن یان رێکوپێکی لەم بیرۆکەیەدا ، رەنگە بەپێی بابەتەکە لق و پۆ بکەنەوە (أبو الحاج و المصالحة،2016: 152). نەخشە هزرییەکان وەک ئامرازێکی کاریگەر لە رێکخستنی زانیاریەکان و هاندانی یادەوەری و داهێنان بەکاردەهێنرێن، پشت بە بەکارهێنانی وشە و وێنە و رەنگ و هێماکان بۆ نوێنایەتیکردنی زانیاریەکان

به شێوەیەکی ناهێڵی دەبەستن، ئەمەش لە هەمانکاتدا یارمەتی چالاککردنی هەردوو نیوەی مێشک (چەپی لۆژیکی و ڕاستی داهێنەر) دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی باشترکردنی تێگەیشتن و تێڕوانین (الجبوري و نعمة،2015: 147).

## هەنگاوەکانی یان شێوازی دروستکردنی نەخشە هزرییەکان :

ستراتیجی نەخشە هزرییەکان بەکۆمەڵێك هەنگاو کاری لەسەر دەکرێت گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەخەینەڕوو .

**1**-کاغەز: کاغەزێکی گەورە یان بچووک بەکاربهێنە، بە شێوەی ئاسۆیی دایبنێ، کاتێک کاغەزەکە بە شێوەی ئاسۆیی (پانتر) دادەنێیت، شوێنی زیاترت بۆ کێشانی لقەکان بۆ ڕاست و چەپ هەیە، ئەمەش بۆ نەخشە هزرییەکان گونجاوترە.

2-ناونیشان: ناونیشانەکە یان بیرۆکەی سەرەکی لە ناوەڕاستدا دابنێ.

3-لقەکان: لە ناونیشانەکەوە لقەکان بە هێڵی پێچاوپێچ بکێشە وەک لقەکانی دارێت بە هەموو لایەك لق بهاوێت، چونکە لە نەخشە هزرییەکاندا هێڵە پێچاوپێچەکان زیاتر مێشک هەستیاردەکەن و بەراورد لە هێڵە ڕاستەکان بۆ بیرهێنانەوە باشتر و کاریگەرترن.

4-کلیله وشەکان: لەسەر هێڵەکان کلیله وشەکان بنووسە.

5-وێنەکان :کە تەواو بوویت، وێنەکان لە تەنیشت کلیله وشەکان زیادبکە و نەخشەکە بە تابلۆیەکی هونەری بزانە.

6-بۆ بیرهینانەوە: ئەگەر دەتەوێت نەخشە هزرییەکە بۆ بیرهێنانەوە بەکاربهێنیت، وێنەی سەیر و پێکەنیناوی یان وێنەی سەرنجڕاکێش بکێشە.

7-پرۆژە داهێنەرانەکان :نەخشە هزرییەکە لە وەسفکردنی هزری پرۆژە داهێنەرانەکاندا بەکاربهێنە (الرفاعي،٢٠١٣: ٤٢).

## سوودە پەروەردەییەکانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان بۆ مامۆستایان:

1-پێشکەشکردنی زانیاری بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و سیستەماتیک، ئەمەش ئاسانکاری بۆ فێرخوازان لە تێگەیشتن لە بابەتەکە لە ڕێگەی پوختەکردنی بابەتەکان لەسەر تەختە دروستدەکات.

2-کەمکردنەوەی ئەو وشانەی کە لە کاتی پێشکەشکردنی وانەکەدا بەکاردەهێنرێن.

3-لەبەرچاوگرتن و ڕێزگرتن لە جیاوازییە تاکەکەسییەکان لە نێوان فێرخوازاندا.

4-بەڵگەنامەکردن و تۆمارکردنی زانیاری و داتاکان لە سەرچاوە توێژینەوەیی و ئەکادیمییە جیاوازەکانەوە.

5-بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ هەڵسەنگاندن، چونکە دەرفەت بە مامۆستایان دەدات، تا توانا و شارەزایی بیرکردنەوەی فێرخوازان بپێون و هەڵیانسەنگێنن.

## سوودە پەروەردەییەکانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان بۆ خوێندکار:

1-لە ڕێکخستن و پێکهێنانی بنیادی زانیاری و شارەزایی خۆیان یارمەتی فێرخوازان دەدات.

2-دەرفەت بە فێرخوازان دەدات، کە زانیارییەکان بە شێوەیەکی تەواو و ڕوون وەربگرن، هەروەها بۆ گەڕانەوە بۆ بابەتە پێشووەکان و پەیوەندیکردنیان بە زانیاریەی نوێکانەوە ڕێگەیانپێدەدات، ئەمەش لە بیرهێنانەوە و پتەوکردنی فێربوونەکانیان یارمەتیاندەدات.

3-نەخشە هزرییەکان هاندەری توانای داهێنان و دروستکردنی بیرۆکەی نوێ دەدەن، چونکە فێرخوازان دەتوانن بە بەکارهێنانی ڕەنگ نەخشەی هزریی تایبەت بە خۆیان وەک وێنە، هێما و شێوازی نووسینی جیاواز دروستبکەن، ئەمەش یارمەتیاندەدات، تا بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەرەپێبدەن و بتوانن زانیارییەکان بە شێوەیەکی نوێ و جیاواز پێشکەشبکەن.

4-یارمەتی فێرخواز دەدات، تا زانیاری و فێربوونەکانی بۆ ماوەیەکی درێژتر لە یادگەی بهێڵێتەوە و بیپارێزێت (المنذري،2016: 46-47).

## چەمکی بیرکردنەوەی بینیی:

توانایەکی هزرییە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی هەستی بینینی هەیە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕوودەدات، کاتێک جیاکردنەوەیەکی شیاو لە نێوان ئەوەی فێرخواز دەیبینێت لە شێوە و وێنە و پەیوەندییەکاندا هەبێت و ئەوەی لێیتێدەگات لە بەستەر(گرێداراوی بینراوی) و ئەنجامە هزرییەکان، کە پشت بە شێوە و نیشانە و بەستەرە پیشاندراوەکان دەبەستێت (الأنقر،٢٠١٧: 16 ) بیرکردنەوەی بینینی چالاکییەکی عەقلییە، کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی تاک بە هۆکارێکی بینینی سەرهەڵدەدات و ئەم پرۆسەیە بریتییە لە خوێندنەوەی ئەو شتە بینینییە و دانانی وەڵامێکی گونجاو بۆی ، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی وێنە هزرییەکانەوە، کە یارمەتیماندەدات، تا واتا و مانای شتەکان بە ئاسانی تێبگەین (الخصيبة ،2023: 24).

## گرنگی بیرکردنەوەی بینیی:

1-زیادکردنی توانای فێرخواز لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر.

2-تێگەیشتن لە هۆکارە بینراوەکانی دەوروبەری فێرخواز، کە ڕۆژانە زیاددەبن لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی وەک ئەوەی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر و تەلەفیزیۆن دەردەکەوێت، بەمەش پەیوەندی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری زیاددەبێت.

3-زیادکردنی توانا هزرییەکانی فێرخواز، چونکە بیرکردنەوەی بینیی بۆ کردنەوەی ڕێگا بۆ پراکتیزەکردنی جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە سەرچاوەیەکی باشە.

4- متمانەبەخۆبوون لای فێرخواز زیادەکات.

5-یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی ژمارەیەک لە بابەتە جیاوازەکان وەک فیزیا و جوگرافیا و زانستە جۆراوجۆرەکان (أبو ليلة،2017: 41).

## توێژینەوەکانی پێشوو:

### 1-توێژینەوەی (علوان: 2021)

توێژەر توێژینەوەکەی لە وڵاتی فەڵەستین بە ئامانجی (دەرخستنی کاریگەری نەخشە هزرییە ئەلیکترۆنییەکان لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی لێکدانەوە و ئاراستە بەرەو بابەتی پەروەردەی ئیسلامی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە فەڵەستین) ئەنجامداوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە فەڵەستین، نموونەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە (٨٢) خوێندکار لە قوتابخانەی المعتصم بالله لە شاری غەزە، دابەشکرا بۆ دوو گرووپ: گرووپی ئەزموونی (٤١) خوێندکار، گرووپی کۆنترۆڵکراو (٤١). ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و پێوەری ئاراستە بەرەو نەخشە هزرییە ئەلیکترۆنییەکان. توێژەر بۆ شیکاری داتاکانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێنا، تاقیکردنەوە (t-test بۆ بەراوردکردن لە نێوان دوو گرووپی هاوسەنگ، هاوکێشەی پەیوەندی پیرسۆن، ئەلفا کرۆنباخ)، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە جیاوازی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی هەیە.

### 2-توێژینەوەی (فتح الله:2022)

توێژەر توێژینەوەکەی لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە ئامانجی( زانینی کاریگەری نەخشەکانی ژیری لە گەشەپێدانی چەمکە مێژووییەکان و ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی مێژوو لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی) ئەنجامداوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی سلێمانی، نموونەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە (٣٢) خوێندکاری قوتابخانەی مەهابادی بنەڕەتی، (١٦) بۆ گرووپی ئەزموونی و (١٦) بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو، ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە تاقیکردنەوەی چەمکە مێژووییەکان و پێوەری ئاراستەکرد. توێژەر بۆ شیکاری داتاکانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێنا، تاقیکردنەوەی( t-test کای دووجا، هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسۆن)، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە جیاوازی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی هەیە.

### 3-توێژینەوەی (صالح:2022)

توێژەر توێژینەوەکەی لە وڵاتی ئوردن بە ئامانجی (دەرخستنی کاریگەری بەکارهێنانی دەگمەنی کارلێکەرانە لە گەشەپێدانی چەمکە زانستییەکان و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی لە ئوردن) ئەنجامداوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە ئوردن، نموونەی توێژینەوەکە لە (٦٠) خوێندکار لە خوێندکارانی پۆلی حەوتەم لە قوتابخانەی ڕەشیدی بنەڕەتیی دووەم بۆ کوران لە پارێزگای زەرقا پێکهاتبوو، نموونەکە بە سەر دوو گرووپدا (٣٠) خوێندکار بۆ گرووپی ئەزموونی و (٣٠) خوێندکار بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو دابەشکرا. ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە تاقیکردنەوەی چەمکە زانستی و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینینی. توێژەر بۆ شیکاری داتاکانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو (چوارگۆشەی کای، (Two Way ANOVA)، ناوەندە ژمێری، تاقیکردنەوەی (t-test)بەکارهێنا، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە جیاوازی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی هەیە، هەروەها لێکۆڵینەوەکە گەیشتە بوونی کاریگەری بۆ بەکارهێنانی کارلێکردنی وێنەیی لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینینی و چەمکە زانستییەکان، قەبارەی کاریگەرییەکەش بەهێز بوو.

### 4-توێژینەوەی (مەلا:2024)

توێژەر توێژینەوەکەی لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە ئامانجی (دیاریکردنی کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی) ئەنجامداوە.کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی بۆ وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، کە ژمارەیان (٧٦) خوێندکار بوو، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٦٠) خوێندکار، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆ دوو گرووپ دابەشکران، (٣٠) خوێندکار بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو و (٣٠) خوێندکار بۆ گرووپی ئەزموونی. ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی.توێژەر بۆ شیکاری داتاکانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو (تاقیکردنەوەی (t-test بۆ بەراوردکردن لە نێوان دوو گرووپی هاوسەنگ، هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسۆن، هاوکێشەی کوپەر، ناوەندە ژمێریی) بەکارهێنا، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە جیاوازیی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی هەیە.

## بەراوردی توێژینەوەکان:

بە بەراوردکردنی چوار توێژینەوەکە دەرکەوت، کە هەموویان ئەم خاڵە هاوبەشانەیان هەیە: یەکەم، هەموو توێژینەوەکان ستراتیجیە نوێیەکانی فێرکردنیان تاقیکردووەتەوە و کاریگەریی ئەرێنییان بۆ فێربوون دەرخستووە. دووەم، هەموویان تاقیکردنەوە(t-test) یان بەکارهێناوە، کە بۆ بەراوردکردنی دوو گرووپی هاوسەنگ گونجاوترین ئامرازی ئاماری بوو. سێیەم، هەموو ئەنجامەکان لە ئاستی (0.05) جیاوازیی ئامارییان لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدا دەرخستووە. لە ڕووی جیاوازییەوە، توێژینەوەی علوان گەورەترین نموونە (٨٢ خوێندکار)ی هەبوو، کە جێگای متمانەی زیاترە، لە کاتێکدا توێژینەوەی فتح الله بچووکترین نموونەی هەبوو (٣٢ خوێندکار). هەروەها توێژینەوەی صالح تایبەتمەندی ئەوەی هەبوو تەنها توێژینەوەیە، کە Two Way ANOVA و چوارگۆشەی کای بەکارهێناوە، لە کاتێکدا توێژینەوەی مەلا نوێترین توێژینەوە لە (٢٠٢٤) بوو، کە هاوکێشەی کۆپەری بەکارهێناوە.

## لێکۆڵینەوەی ئێستا لە چەندین لایەندا لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جیاوازە:

**یەکەم** :توێژینەوەی ئێستا یەکەمین توێژینەوەیە، کە بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا تەرکیزدەکات، لە کاتێکدا هەموو توێژینەوەکانی پێشوو لە بوارەکانی زانست، مێژوو یان پەروەردەی ئیسلامیدا بوون، کە کەلتووری جیاوازیی فێربوونیان هەیە.

**دووەم** :توێژینەوەی ئێستا یەکەمین توێژینەوەیە، کە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان-عێراقدا بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر شاری کەلار تەرکیزدەکات، ئەمەش جیاوازی کەلتووری، زمانی و سیستەمی پەروەردەیی بەرچاو لەگەڵ توێژینەوە عەرەبییەکان دروستدەکات.

**سێیەم**: توێژینەوەی ئێستا یەکەمین توێژینەوەیە، کە لەسەر پۆلی هەشتی بنەڕەتی جەختدەکاتەوە، کە نوێنەرایەتی تەمەنێکی تایبەتی گەشەسەندنی (١٣-١٤ ساڵ) دەکات، ئەمەش قۆناغێکی ناوەندی و گرنگە لە نێوان منداڵی و گەنجایەتیدا، کە تایبەتمەندیی دەروونی و مەعریفی جیاوازی هەیە.

## بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### 3-1- میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەر میتۆدی توێژینەوەی ئەزموونی بەکارهێناوە، چونکە گونجاوە لەگەڵ ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە.

### 3-2- دیزاینی ئەزموونی:

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەو دیزاینە بەستووە، کە ناسراوە بە (دیزاینی ئەزموونگەری) گرووپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی (فان دالین،2007: 303- 304)، لە دوو گرووپ گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆلکراو پێکدێت، گرووپی ئەزموونی بەپێی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان وانە وەردەگرن و گرووپی کۆنترۆلکراویش هەمان وانە بە ڕێگایەکی ئاسایی وەردەگرن، تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی بینینی و تاقیکردنەوەی پاشینە بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندن بەکارهاتووە (بڕوانە خشتەی (1)).

خشتەی ( 1 ) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە

| گرووپ | تاقیکردنەوەی پێشی | ڕێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | بیرکردنەوەی بینینی | نەخشە هزرییەکان | بیرکردنەوەی بینینی<br>دەستکەوتی خوێندن |
| کۆنترۆلکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

### 3-3- کۆمەڵگە و بژاردەی توێژینەوەکە:

### 3-3-1- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری کەلار بۆ ساڵی خوێندنی (2024 – 2025) لە خۆگرتووە، کە ژمارەیان (3031) خوێندکارە و بەسەر (38) قوتابخانە دابەش دەبن، ئەوانەی بەرۆژ دەوام دەکەن.

### 3-3-1- نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکەش لە دووبەش پێکدێت و ئەوانیش بریتین لە:

**- نموونەی قوتابخانە:**

نموونەکە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی، کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت و بەپێی چەند ڕێسایەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێت بۆئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات (داود وعبدالرحمن،1990:119). توێژەر پاش ناردنی نوسراو لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی گەرمیانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار و لەوێشەوە بۆ قوتابخانەی (وڵات)ی بنەڕەتی قوتابخانەی (وڵات)ی بنەڕەتی هەڵبژارد.

-هۆکارەکانی هەڵبژاردنی قوتابخانەی (وڵات)ی بنەڕەتی وەک شوێنی جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ:

- نزیکی قوتابخانەکە لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبونەوە.

-بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەییان بۆ پشتیوانی توێژەر دەرخست.

-قوتابخانەکە ژمارەی گونجاوی پۆل و خوێندکاری هەبوو، کە لەگەڵ قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەدا دەگونجا.
-هۆڵێکی جیاکراو هەبوو بۆ وانەوتنەوەی گرووپی و چالاکییەکانی توێژینەوە بەبێ تێکدانی پرۆگرامی ئاسایی قوتابخانە.
-ئەم هۆکارانە پێکەوە وایانکرد، ئەم قوتابخانەیە ببێتە گونجاوترین شوێن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

### – نموونەی خوێندکار:

پاش بەسەرکردنەوەی قوتابخانەکە توێژەر بۆیدەرکەوت، کە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی سێ پۆلبوون ( أ، ب، ج)، لەو ڕوانگەیەوە توێژەر بە شێوەی هەڕەمەکی سادە دوو پۆلی هەڵبژارد ئەوانیش پۆلەکانی (أ) و (ب) بوون، کە ژمارەیان (51) خوێندکار بوو، لە ئەنجامدا گرووپی (أ) بە گرووپی ئەزموونی و گرووپی (ب ) بە گرووپی کۆنترۆڵکراو ناسێنران. ئەمەش دوای لادان و دورخستنەوەی کەوتووەکان لە هەر گرووپێکدا (بڕوانە خشتەی (2)).

خشتەی ( 2 ) گرووپ و ژمارەی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوە

| گرووپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژ.خوێندکاران | ژ.خوێندکاری دوورخراو | ژ. کۆتایی خوێندکاران |
|---|---|---|---|---|
| (أ) ئەزموونی | ستراتیجی نەخشە هزرییەکان | 26 | 2 | 24 |
| (ب)کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 25 | 1 | 24 |
| کۆ | | 51 | 3 | 48 |

### 3-4- هاوسەنگیی هەردوو گرووپی توێژینەوە:

پێویستە توێژەر هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە چەند گۆڕاوێکی پەیوەندیداردا هاوسەنگبکات، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەردوو گرووپەکەی لەم گۆڕاوانەی خوارەوەدا هاوسەنگکرد:

### 3-4-1- ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی خوێندکار:

مەبەست لە ناسینی ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانی خوێندکار ئەوەیە، توێژەر بۆی ڕوونبێتەوە، کە دایك و باوکی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوە خاوەنی چ ئاستێکن لە ڕیزبەندی ئەو ئاستانەی، کە توێژەر دیاریکردووە، ژمارەیان (5) ئاستە ( بێ بڕوانامە، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا، کۆلێژ بەسەرەوە)، پاشان توێژەر بەپێی پێوەری خوێندەواری و بڕوانامە بەهای هەریەك لە ئاستەکانی دیاریکردووە (بڕوانە خشتەی (3)).

خشتەی ( 3 ) ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی خوێندکار

| ژمارە | ئاستی خوێندەواری | بەهاکان |
|---|---|---|
| 1 | بێ بڕوانامە و سەرەتایی | 1 |
| 2 | ناوەندی و ئامادەیی | 2 |
| 3 | پەیمانگا و کۆلێژ بەسەرەوە | 3 |

### 3-4-2- ئاستی خوێندنی باوکان:

توێژەر زانیاری لەسەر ئاستی خوێندەواری باوکی خوێندکاران لە ڕێگەی دۆسیەی خوێندکار لە کارگێڕی قوتابخانەکە و هەروەها لەڕێگەی فۆرمێکەوە، کە خوێندکاران پڕیانکردەوە، بەدەستهێنا، پاشان ناوەندەژمێرەیی بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە دەرهێنا، بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندەژمێرییەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی (کای سکیۆر)ی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە بەهای هەژمارکراو بریتیبوو لە (0.405)، کاتێک ئەم بەهایە لەگەڵ بەهای ($\chi^2$)ی خشتەیی لە ئاستی مانداری (٠,٠٥) و بە پلەی ئازادی (2) (کە پەیوەستە بە ژمارەی پۆلەکانی ئاستی خوێندنەوە بەراوردکرا، ئەوە دەرکەوت، بەهای هەژمارکراو (0.405) بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە بەهای خشتەیی، کە بریتیبوو لە (5.991)، ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازییەکی ئاماریی ماندار لە نێوان دابەشبوونی ئاستی خوێندنی باوکانی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراودا. بە واتایەکی تر، هەردوو گرووپەکە لە ڕووی ئەم گۆڕاوەشەوە هاوسەنگ و هاوتا بوون (بڕوانە خشتەی (4)).

خشتەی (4) بەهای (کای سکوێر $\chi^2$) بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی باوکان

| گرووپ | بێ بڕوانامە و سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی | پەیمانگا و زانکۆ | ژ. خوێندکار | نرخی کای دووجا: هەژمارکراو | نرخی کای دووجا: خشتەیی | بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 11 | 9 | 4 | 24 | 0.405 | 5.991 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 7 | 5 | 24 | | | |
| کۆ | 23 | 16 | 9 | 48 | | | |

### 3-4-3- ئاستی خوێندنی دایکانی خوێندکاران:

توێژەر زانیاری لەسەر ئاستی خوێندەواری دایکی خوێندکارانی هەردوو گرووپ لە ڕێگەی دۆسیەی خوێندکار لە کارگێڕی قوتابخانەکە و لە ڕێگەی فۆرمێکەوە، کە بەسەر خوێندکاران دابەشکران، وەرگرت، پاشان ناوەندەژمێرەیی بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە دەرهێنا، بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندەژمێرەییەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی (کای سکیۆر)ی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت، بەهای ($\chi^2$)ی هەژمارکراو بریتیبوو لە (0.410). کاتێک ئەم بەهایە لەگەڵ بەهای ($\chi^2$)ی خشتەیی لە ئاستی مانادارى (٠,٠٥) و بە پلەی ئازادی (2)، کە پەیوەستە بە ژمارەی پۆلەکانی ئاستی خوێندنەوە بەراوردکرا، دەرکەوت، بەهای هەژمارکراو (0.410) کەمترە لە بەهای خشتەیی، کە بریتیبوو لە (5.991)، ئەم ئەنجامە دەریدەخات، جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان دابەشبوونی ئاستی خوێندنی دایکانی خوێندکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا نییە، کەواتە هەردوو گرووپەکە لە ڕووی ئەم گۆڕاوەشەوە هاوسەنگ و هاوتا بوون (بڕوانە خشتەی (5)).

خشتەی (5) بەهای (کای سکوێر $\chi^2$) بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی دایکان

| گرووپ | ئ: بڕوانامە و سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی | پەیمانگا و زانکۆ | ژ. خوێندکار | نرخی کای دووجا: هەژمارکراو | نرخی کای دووجا: خشتەیی | بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 15 | 7 | 2 | 24 | 0.410 | 5.991 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 13 | 8 | 3 | 24 | | | |
| کۆ | 28 | 15 | 5 | 48 | | | |

### 4-4-3- تەمەنی خوێندکاران:

توێژەر تەمەنی خوێندکاری لە ڕێگەی تۆماری دۆسیەی تایبەت بە خوێندکار بۆ نمونەی توێژینەوەکەی وەرگرت، سەرەڕای دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بەسەر خوێندکاران بۆ وەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ و ساڵی تەمەنیان، بەم پێیە تەمەنیان بە مانگ دیاریکرا تا ڕێکەوتی (2025\1\27)، پاشان بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی هاوتایی ئاماری لە نێوان تەمەنی خوێندکارانی هەردوو گرووپەکەدا، توێژەر پەنای بۆ بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.-test) بۆ نموونە سەربەخۆکان برد، ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکە دەریخست، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان تێکرای تەمەنی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراودا نییە. بەهای (t)ی هەژمارکراو لە ئەنجامی شیکاریە ئامارییەکەوە بریتیبوو لە (0.734)، کاتێک ئەم بەهایە لەگەڵ بەهای (t) ی خشتەیی لە ئاستی مانادارى (٠,٠٥) و بە پلەی ئازادی (46) بەراوردکرا، کە پەیوەستە بە ژمارەی خوێندکاران لە هەردوو گرووپەکەدا، ئەوە دەرکەوت، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو (0.734) بچووکترە لە بەهای (t)ی خشتەیی، کە بریتیبوو لە (2.013)، ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە لە ڕووی گۆڕاوی تەمەنەوە هاوتا و هاوسەنگ بوون (بڕوانە خشتەی (6)) .

خشتەی (6) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ تەمەنی خوێندکارانی هەردوو گرووپ

| گرووپەکان | ناوەندەژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (t): هەژمارکراو | نرخی (t): خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 165.21 | 8.12 | 0.734 | 2.013 | 46 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 167.29 | 11.30 | | | | |

### 5-4-3- زیرەکی:

توێژەر بۆ زانینی ئاستی زیرەکی پشتی بە تاقیکردنەوەی پێوەری ڕافن بەستووە، پێوەرەکەش (بریتیە لە کۆمەڵێك وێنە، کە یەکێکیان تەواونەکراوە، داوا لە خوێندکارەکان دەکرێت، وێنەیەکی گونجاو بۆ ئەو وێنە تەواونەکراوە هەڵبژێرن، ئەم پێوەرە پلەیەکی بەرزی و ڕاستی وجێگیری هەیە) (الدباغ،1983: 32). تاقیکردنەوەکە لە (60) بڕگە پێکدێت و خوێندکار بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (1) نمرە وەردەگرێت و بۆ یەك وەڵامی هەڵەش (0) وەردەگرێت، پاشان کرداری هەڵەچنی پرسیارەکان بەپێی کلیلی ڕاستکردنەوە ئەنجامدەدرێت، (Queiroz-Garcia et al, 2021: 88-90). تاقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و هاوکات بەسەر هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا، لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (2025/3/24) ئەنجامدرا. دواتر توێژەر پشکنین و هەڵەچنی بۆ وەڵامەکانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو کرد. توێژەر تاقیکردنەوەی (t-test)ی بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو بەکارهێنا، دوای هەژمارکردنی ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری نمرەکانی تاقیکردنەوەی ڕاڤن بۆ هەردوو گرووپەکە، بەهای (t)ی هەژمارکراو دۆزرایەوە، کە بریتیبوو لە (1.259). کاتێک ئەم بەهایە لەگەڵ بەهای (t)ی خشتەیی (2.013) لە ئاستی مانادارى (٠,٠٥) و بە پلەی ئازادی (46) بەراوردکرا، ئەوە دەرکەوت، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو (1.259) بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەهای خشتەیی کەمترە. ئەم ئەنجامە ئامارییە بە

ڕوونی دەیسەلمێنێت، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان تێکڕای ئاستی زیرەکیی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراودا نییە، ، کەواتە هەردوو گرووپەکە پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە لە ڕووی ئاستی زیرەکیشەوە هاوسەنگ و هاوتا بوون (بڕوانە خشتەی (7)).

خشتەی (7) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری ئاستی زیرەکی

| گرووپ | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوەری | نرخی (t) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 31.58 | 3.30 | 1.259 | 2.013 | 46 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 32.75 | 3.12 | | | | |

## 3-4-6- نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی – جوگرافیای ساڵی پێشوو (حەوتەمی بنەڕەتی):

توێژەر نمرەی کۆتایی ساڵی خوێندنی پێشوو (٢٠٢٣. ٢٠٢٤)ی بۆ بابەتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان_ جوگرافیا بۆ سەرجەم خوێندکارانی هەردوو گرووپەکە لە تۆماری فەرمیی قوتابخانە وەرگرت، بۆ مەبەستی زانینی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری هەردوو گرووپەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی (t.-test)ی بۆ گرووپە سەربەخۆکان بەکارهێنرا ، سەرەتا ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری نمرەکانی ساڵی پێشووی هەردوو گرووپەکە هەژمارکران، ئەنجامەکە دەریخست، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو بریتیبوو لە (0,092)، کاتێک ئەم بەهایە لەگەڵ بەهای (t)ی خشتەیی (2.013) لە ئاستی ماناداری (٠,٠٥) و بە پلەی ئازادی (46) بەراوردکرا، ئەوە دەرکەوت، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو (0,092) بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەهای خشتەیی کەمترە، ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان ئاستی ئەکادیمی ساڵی پێشووی خوێندکارانی هەردوو گرووپەکەدا نییە،کەواتە هەردوو گرووپەکە لە ڕووی نمرەی ساڵی پێشووشەوە هاوسەنگ بوون (بڕوانە خشتەی (8)).

خشتەی (8) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری لە نمرەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان _ جوگرافیای ساڵی پێشوو

| گرووپ | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | (t)نرخی | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 64.79 | 17.84 | 0.092 | 2.013 | 46 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 65.25 | 16.92 | | | | |

## 3-4-7- زانیاریی پێشینە دەربارەی بابەتی ئەزموون:

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بەسەر خوێندکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا لە بابەتی جوگرافیادا جێبەجێکرد، تاقیکردنەوەکە لە (3) جۆری پرسیاری (ڕاست و هەڵە، بۆشایی، هەڵبژاردن) بوو، لە (20) برگە پێکهاتبوو، تاقیکردنەوەکە لە(2025/3/19) بەسەر هەردوو گرووپدا جێبەجێکرا، لە پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە و ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان بەپێی کلیلی ڕاستکردنەوە (هەڵەچنی)، دواتر توێژەر بۆ بەراوردی ئاماریی نێوان گرووپەکان تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا بەکارهێنا، دوای هەژمارکردنی ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری، بەهای (t)ی هەژماکراو (1.048) بوو، ئەم بەهایە لە بەهای (t)ی خشتەیی (2.013) لە ئاستی ماناداری (٠,٠٥) و پلەی ئازادی (46) کەمتر بوو. ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە ڕووی زانیاری پێشینەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان- جوگرافیا لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا نییە، واتە گرووپەکان هاوسەنگ بوون (بڕوانە خشتەی (9)) .

خشتەی (9) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t)ی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری زانیاریی پێشینەی هەردوو گرووپ

| گرووپ | ناوەندەژمێریی | لادانی پێوەری | نرخی (t) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 10.75 | 3.17 | 1.048 | 2.013 | 46 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 11.75 | 3.44 | | | | |

## 3-4-8- تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ(بیرکردنەوەی بینینی):

بۆ پێوانی ئاستی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە بابەتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان_جوگرافیا، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی ئامادەکرد و گەشەپێدا، تا بە شێوەی کۆتایی خۆی گەیشت، توێژەر دوای ئامادەبوونی پێوەری تاقیکردنەوەکە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (2025/3/20)دا تاقیکردنەوەکەی بەسەر سەرجەم خوێندکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرد، دوای کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی وەڵامی خوێندکاران و ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان بەپێی کلیلی ڕاستکردنەوە (هەڵەچنی) بۆ تاقیکردنەوەکە، دوای بەدەستهێنانی نمرەی هەر خوێندکارێک، توێژەر سەرەتا ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری نمرەکانی بیرکردنەوەی بینینی بۆ هەردوو گرووپەکە دەرهێنا، دواتر تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەکارهێنا، پاشان بەهای (t)ی هەژمارکراو دۆزرایەوە، کە بریتیبوو لە (1.894)، کاتێک ئەم بەهایە لەگەڵ بەهای(t) ی خشتەیی (2.013) لە ئاستی ماناداری (٠,٠٥) و بە

پلەی ئازادی (46) بەراوردکرا، ئەوە دەرکەوت، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو (1.894) زۆر لە بەهای خشتەیی کەمترە، ئەم ئەنجامە دەیسەلمێنێت، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان ئاستی بیرکردنەوەی بینینی خوێندکارانی گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)دا نییە، بەم شێوەیە توێژەر دڵنیابووەوە، کە هەردوو گرووپەکە پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە لە ڕووی ئەم توانستە عەقڵییەشەوە هاوسەنگ و هاوتا بوون (بڕوانە خشتەی (10)).

خشتەی (10) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t)ی بۆ دەلالەتی جیاوازیی نێوان ناوەندەژمێری تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی هەردوو گرووپ

| گرووپ | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی (t) هەژمارکراو | نرخی (t) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 13.25 | 2.94 | 1.894 | 2.013 | 46 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 14.83 | 2.85 | | | | |

## 3-5- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

-سەرچاوە کوردی، عەرەبی و بیانییەکان.
- فۆرمی ڕاپرسی.
- لاپەڕەی ڕوونکردنەوەی کارامەییەکان.
- تەختەی نووسین.
- نەخشەی هزری.
- بەرنامەی Spss.
- نەخشەی کیشوەرەکانی جیهان.

## 3-6- پێداویستییەکانی ئەزموونەکە:

### 3-6-1- دیاریکردنی بابەتەکە:

توێژەر لەسەر بنەمای بابەتەکانی بەشی (بەندی یەکەم و دووەم و سێیەم)ی بواری جوگرافیای نێو پەرتووکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کارەکەی دارشتووە و پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە خۆدەگرێت، بەسەر (2) دووگرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بۆساڵی خوێندنی (2024 -2025 ) پۆلینکراوە.

### 3-6-2- دیاریکردنی بەشەوانەکان:

توێژەر بەشەوانەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیای بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان هەردوو گرووپدا دابەشکرد، بۆ هەر هەفتەیەك (3) بەشەوانە بە هەریەك لە گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو وتراوەتەوە، کاتی وانەکانیش هاوشێوە بوون، توێژەر بۆ پارێزراوی ئەم یەکسانییە لە تەواوی ماوەی ئەزموونەکەدا هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕیی قوتابخانەکەدا کرد (بڕوانە خشتەی (11).)

خشتەی (11) دابەشکردنی بەشەوانەکانی هەردوو گرووپی ئەزموونەکە

| کاتژمێر / ڕۆژ | 1:10-12:30 | 1:55-1:15 |
|---|---|---|
| سێ شەممە | گرووپی ئەزموونی | گرووپی کۆنترۆڵکراو |
| چوار شەممە | گرووپی کۆنترۆڵکراو | گرووپی ئەزموونی |
| پێنج شەممە | گرووپی ئەزموونی | گرووپی کۆنترۆڵکراو |

### 3-6-3- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:

یەکێك لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەزموون دانانی پلانی وانەوتنەوەیە، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر (42) پلانی ڕۆژانەی بۆ وانەکان دانا، (21) پلانی بۆ گرووپی ئەزموونی بوو، کە بابەتەکانیان بەپێی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان وەردەگرت، (21) پلانی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو دانا، کە بابەتەکانیان بەپێی ڕێگای ئاسایی (تەقلیدی) مامۆستا وەردەگرت، پاشان نموونەیەك لەو پلانانە خرایە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای بواری پەروەردە و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پسپۆڕانی جوگرافیا، پاش گەڕاندنەوەی نمونەی پلانەکە توێژەر سوودی لە سەرنج و تێبینییەکان وەرگرت، دوای چاکسازیکردن تیایاندا پلانەکە بۆ جێبەجێکردن ئامادەکرا.

### 3-6-4- کەرەستەکانی فێرکردن:

توێژەر بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو کۆمەڵێك کەرەستەی وەك (پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیای بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، وایت بۆرد، پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ، نەخشەی کیشوەرەکانی جیهان، لاپەڕەی ڕوونکردنەوەی کارامەییەکان، داتاشۆ و ئامادەکردنی نەخشە هزرییەکان) بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان بەکارهێنا.

### 3-6-5- دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:

ئامانجە ڕەفتارییەکان بۆ پرۆسەی فێرکردن و فێربوون وەک نەخشەڕێگایەک وان، توێژەر بە وردی و بە پشتبەستن بە سروشتی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی، کە لە توێژینەوەکەدا دیاریکرابوون، کۆمەڵێک ئامانجی ڕەفتاری داڕشت. ژمارەی کۆی ئامانجە داڕێژراوەکان گەیشتە (105) ئامانج، ئەم ئامانجانە بەگوێرەی پۆلێنکردنی بەناوبانگی بلوم (Bloom) بۆ بواری مەعریفی (زانستی) داڕێژران و (3) ئاستی سەرەکی ئەم پۆلێنکردنەیان لەخۆگرت، کە (یادکردنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) بوون، بۆ دڵنیابوون لە دروستی، گونجاوی و پەیوەندیداری ئەم ئامانجانە بە بابەتەکەوە نموونەیەک لە ئامانجە داڕێژراوەکان خرایە بەردەم کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆڕ. ئەم گرووپە پسپۆڕانە لە هەڵسەنگێنەران، پسپۆڕانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، پسپۆڕانی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، هەروەها مامۆستایانی خاوەن ئەزموون لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیادا پێکهاتبوون، توێژەر بۆ زیاتر دڵنیابوون لە پەسەندکردنی هەر ئامانجێک پشتی بە پێوەرێکی ئاماری بەست، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ڕێککەوتنی نێوان هەڵسەنگێنەرانی جی کوپەر (J. Cooper) بڕیاردرا، کە هەر ئامانجێک ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕانی لەسەر بگاتە 80% یان زیاتر، وەک ئامانجێکی پەسەندکراو هەژماربکرێت. لەسەر بنەمای تێبینی و سەرنجی شارەزایان هەندێک لە ئامانجەکان هەموارکرانەوە و شێوازی داڕشتنیان باشترکرا. دوای ئەم پرۆسەیە ژمارەی کۆتایی ئامانجە پەسەندکراوەکان بۆ هەر ئاستێک بەم شێوەیە بوو، (52) ئامانج لە ئاستی یادکردنەوە، (35) ئامانج لە ئاستی تێگەیشتن و (18) ئامانج لە ئاستی جێبەجێکردن.

### ماوەی ئەزموونەکە:

مــاوەی ئەزموونەکــە لــە ڕۆژی (25 / 3 / 2025) دەســتپێکرد و لــە ڕۆژی (8 / 5 / 2025) کۆتایهــات، ئــەو ماوەیــەش دەکاتــە (7) هەفتــە، کــە بــۆ پرۆســەکە کــاتێکی گونجــاوە، ماوەکــە بــۆ هــەردوو گرووپەکــە یەکســان بــوو، هەربۆیــە ئــەم گــۆڕاوەش کۆنترۆڵکرا.

### 3-7- ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

### 3-7-1- تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

لەم تــوێژینەوەیەدا یەکێــک لە پێداویســتییە ســەرەکییەکانی تــوێژینەوەکە بریتیبــوو لە ئامــادەکردنی تــاقیکردنەوەیەکی دەســتکەوتی گونجــاو و ســتاندارد بــۆ پێــوانەکردنی ئاســتی دەســتکەوتی خوێنــدنی ئەنــدامانی نمــوونەی تــوێژینەوەکە لە بــابەتە کۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیــادا، بــۆ دڵنیــابوون لە کــوالێتی و دروســتی تــاقیکردنەوەکە تــوێژەر لە قۆنــاغی ئامادەکردنیــدا پەیــڕەوی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی کردووە:

### -دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوە:

ئامــانجی بــنەڕەتی لە ئامــادەکردن و بەکارهێنــانی تــاقیکردنەوەی دەســتکەوتی خوێنــدن بریتیبــوو لە زانیــنی ڕادەی کــاریگەریی بەکارهێنــانی (ســتراتیجی نەخشــە هزرییەکــان) لەســەر ئاســتی دەســتکەوتی خوێنــدنی ئەو خوێنــدکارانەی، کە وەک نمــوونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردرابوون.

### - ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی:

خشتەی تایبەتمەندی بریتییە لە خشتەیەک، کە تێیدا سەرجەم ئەو بابەتانەی کە تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت، دەستنیشاندەکرێت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کێشی ڕێژەیی و جۆر و ئاستی ئامانجە ڕەفتارییەکان، سەرباری دابەشکردنی نمرەکان بەپێی پەیوەندییەکی دیاریکراو لە (ژمارەی بابەت، بیردۆز هاوکێشە، ئەگەرەکان، سەلماندن، داتاشراوە و .....)، کە بۆ هەر بەش و پرسیارێک، یان خشتەیەکە، سەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکان و ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕێژەی گرنگی هەر یەکێک لە ئەوانە دیاریدەکات (رسول،2017: 180). توێژەر (30) برگەی بەپێی کێش و گرنگی ڕێژەیی هەریەک لە ناوەڕۆکی بابەتە دیاریکراوەکان و ئامانجە ڕەفتارییە پەیوەندیدارەکان ئامادەکرد. ئامانجەکان بۆ (3) ئاستی سەرەکیی پۆلێنکردنی بلوم لە بواری مەعریفیدا (یادکردنەوە، تێگەیشتن و جێبەجێکردن) دابەشکرابوون، توێژەر بۆ داڕشتنی نەخشەی تاقیکردنەوەکە و دیاریکردنی ژمارەی برگەکان بۆ هەر خانەیەکی خشتەکە پەیڕەوی لەم ڕێکار و هاوکێشە ستانداردانەی خوارەوەی کرد:

آ – دیاریکردنی کێشی ڕێژەیی ناوەڕۆکی هەر بەندێک = (ژمارەی لاپەڕەکانی بەندێکی دیاریکراو / کۆی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی هەموو بابەتەکان) × ١٠٠

ب- دیاریکردنی ڕێژەی گرنگیی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە هەر ئاستێکی مەعریفیدا = (ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە ئاستێکی دیاریکراودا / کۆی گشتی ژمارەی هەموو ئامانجە ڕەفتارییەکان) × ١٠٠

ج. ژمارەی برگەکانی تاقیکردنەوە بۆ هەر خانەیەکی ناو خشتەی تایبەتمەندی = ڕێژەی کێشی ناوەڕۆکی بابەتەکە × ڕێژەی گرنگیی ئامانجە ڕەفتارییەکانی ئەو ئاستە × کۆی گشتی ژمارەی برگەکانی تاقیکردنەوە (الدليمي و المهداوي، 2005: 30). (بڕوانە خشتەی (12)).

خشتەی (12)خشتەی تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران

| بەش | کێشی ناوەڕۆک | | ڕێژەی ئامانجە ڕەفتارییەکان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.لاپەڕە | ڕێژەی سەدی | یادکردنەوە %50 | تێگەیشتن %33.33 | جیبەجێکردن %16.66 | کۆی پرسیارەکان |
| بەندی یەکەم | 20 | %40 | 6 | 4 | 2 | 12 |
| بەندی دووەم | 14 | %28 | 4 | 3 | 1 | 8 |
| بەندی سێیەم | 16 | %32 | 5 | 3 | 2 | 10 |
| کۆ | 50 | %100 | 15 | 10 | 5 | 30 |

## - ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوە:

توێژەر بە پشتبەستن بەو ژمارە و جۆرانەی کە لە خشتەی تایبەتمەندیدا دیاریکرابوون، برگەکانی تاقیکردنەوەکە ئامادەکرد. تاقیکردنەوەکە بریتیبوو لە پرسیاری بابەتی لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک، ئەم تاقیکردنەوەیە (30) برگەی لەخۆدەگرت. بۆ هەر برگەیەک (4) وەڵامی ئەگەری جێگرەوە (بدائل) دانرابوون، کە تەنها یەکێکیان وەڵامی ڕاست بوو. تاقیکردنەوەکە لەسەر (30) نمرە بوو، بۆ هەر وەڵامێکی ڕاستی خوێندکار (1) نمرە دادەنرا، بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە (0) سفر نمرە دادەنرا. ئەم جۆرە پرسیارە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ پێوانەکردنی ئاستە جیاوازەکانی بواری مەعریفیی خوێندکاران بەکارهێنرا، بە تایبەتی ئاستەکانی (بیرهاتنەوە و تێگەیشتن و جێبەجێکردن) بەپێی پۆلێنکردنی بلوم.

- **دانانی ڕێنمایی وەڵامدانەوە بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

توێژەر بە مەبەستی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی هەردوو گرووپی توێژینەوە ڕێنمایی بۆ خوێندکاران خستەڕوو.

**-ڕاستێتی تاقیکردنەوە:**

بە یەکێک لە گرنگترین و بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکانی هەر ئامرازێکی پێوانەکردن یان شێوازێکی هەڵسەنگاندنی باش دادەنرێت، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و دەروونزانییدا. بە سادەیی مەبەست لە ڕاستێتی تاقیکردنەوەیەک ئەوەیە، ئایا ئەو تاقیکردنەوەیە بە کردەیی ئەو تایبەتمەندی، لێهاتوویی یان زانیارییە دەپێوێت، کە لە بنەڕەتدا بۆ پێوانەکردنی ئەو مەبەستە دیاریکراوە دانراوە یان نەخێر (عبدالرؤوف و المصري 2017: 68). توێژەر بە بەکارهێنانی ڕێکاری گونجاو هەوڵیدا دوو جۆری سەرەکی لە ڕاستێتی تاقیکردنەوەی دەستکەوتەکەی پشتڕاستبکاتەوە، ئەم دوو جۆرە بریتیبوون لە (ڕاستێتی ڕواڵەت) و (ڕاستێتی ناوەڕۆک) ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**-ڕاستێتی ڕواڵەت:**

بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستێتی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەی دەستکەوتەکە، توێژەر کۆپییەکی سەرەتایی تاقیکردنەوەکەی خستەبەردەستی بۆ کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزای بواری جوگرافیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی و تایبەت و پسپۆڕانی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، داوا لەم پسپۆڕانە کرا، کە بۆچوونی خۆیان لەسەر برگەکانی تاقیکردنەوەکە و ئاستی گونجاوی برگەکان دەربڕن، دوای کۆکردنەوەی بۆچوونی پسپۆڕان توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ڕێککەوتنی نێوان هەڵسەنگێنەرانی جی کوپەر (J. Cooper) ڕێژەی ڕێککەوتنی لەسەر گونجاوی تاقیکردنەوەکە شیکارکرد، ئەوە دەرکەوت، کە ڕێژەی ڕێککەوتن گەیشتە (80%) و ئەمەش بەپێی پێوەرە پەسەندکراوەکان بە ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت. ئەم ئەنجامە ئاماژەی بەوە کرد، کە تاقیکردنەوەکە لە ڕووی ڕواڵەتەوە گونجاوە و دەتوانرێت بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکە بەکاربهێنرێت.

**-ڕاستێتی ناوەڕۆك:**

توێژەر بۆ دڵنیابوون لەم جۆرە ڕاستێتییە خشتەی تایبەتمەندی، کە پەیوەندیی نێوان ناوەڕۆکی بابەتەکان، ئامانجە ڕەفتارییەکان و برگەکانی نیشاندەدات (خشتەی ژمارە 12)، لەگەڵ کۆپییەکی سەرەتایی برگەکان تاقیکردنەوەکەی خستەبەردەستی کۆمەڵێك لە پسپۆڕو شارەزای بواری جوگرافیا، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، بواری پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاندن لەگەڵ ئامانجە ڕەفتارییەکان، توێژەر بە پشتبەستن بە بۆچوون و تێبینییەکانی پسپۆڕان توانی لە ڕاستێتی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکە دڵنیابێت.

## 3-7-1-1- هاوکۆلکەی ئاستی گرانی (معامل الصعوبة):

توێژەر بۆ دەرهێنانی ئاستی گرانی هەر برگەیەکی تاقیکردنەوەکە هاوکێشەی ئاستی گرانی بەکارهێنا، ئەوە دەرکەوت، کە ئاستی قورسی برگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە دەکەوێتە نێوان (0.32) و (0.80)، ئەم مەودایە بە گشتی بۆ تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت بە مەودایەکی پەسەندکراو دادەنرێت. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن ئاستی قورسی (یان ئاسانی) برگەیەک بە پەسەند دادەنرێت،

ئەگەر بەهای هاوکۆلکەکەی بکەوێتە نێوان (0.20) و (0.80) (یان 20% بۆ 80%)، بڕگەکانی دەرەوەی ئەم مەودایە لەوانەیە زۆر ئاسان یان زۆر قورس بن و پێویستیان بە پێداچوونەوە هەبێت، ئەمەش بەپێی (Nitko 1996:258-266). لەبەرئەوەی هەموو بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە لەم مەودای پەسەندکراوەدا بوون، کە بڕیاردرا لە ڕووی ئاستی قورسییەوە گونجاون.

### 3-7-1-2- هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوە (معامل قوة التمييز):

مەبەست لە هێزی جیاکاری توانای هەر بڕگەیەك لەسەر جیاکردنەوەی نێوان ئەو خوێندکارانەی لە وەڵامدانەوەی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان، کە ئاست و توانایان بەرزە و ئەو خوێندکارانەی، کە ئاست و توانایان نزمە (الكبيسي،2007،ص178). توێژەر بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکاری هەریەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پشتی بە هاوکێشەیەکی تایبەت بەم مەبەستە بەستووە (کە بریتییە لە جیاوازی نێوان ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاست بەرز و ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاست نزم بۆ هەمان بڕگە). لە ئەنجامی شیکارییەکاندا، ئەوە دەرکەوت، کە بەهای هاوکۆلکەی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن دەکەوێتە نێوان (0.27) و (0.50). بەپێی پێوەرە باوەکان لە بواری پێوانە و هەڵسەنگاندندا بە گشتی هەر بڕگەیەک، کە هاوکۆلکەی هێزی جیاکارییەکەی (0.20) یان زیاتر بێت، بە بڕگەیەکی پەسەندکراو و خاوەن هێزی جیاکاریی باش دادەنرێت. بڕگەکانی خوار ئەم ئاستە لەوانەیە پێویستیان بە پێداچوونەوە یان لابردن هەبێت، ئەمەش بەپێی (McNamara 2000: 66–67). لەبەرئەوەی هەموو بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە بەهای هێزی جیاکاریان لە (0.20) زیاتر بوو، ئەوا هەموویان وەک بڕگەی پەسەند لە ڕووی هێزی جیاکارییەوە هەژمارکراوون.

### 3-7-1-3- کارایی جێگرەوە هەڵەکان (فاعلية البدائل الخاطئة):

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تایبەت بە دیاریکردنی کارایی هەر جێگرەوەیەکی هەڵە کارایی جێگرەوە هەڵەکانی بۆ هەموو (30) بڕگەکەی جۆری هەڵبژاردن شیکردەوە. ئەنجامەکان نیشانیاندا، کە بەهای کارایی بۆ جێگرەوە هەڵەکان دەکەوێتە نێوان (-0.36) و (0.14). شیکارییە وردەکان دەریانخست، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگرەوە هەڵەکان توانیبوویان سەرنجی ژمارەیەکی زیاتری خوێندکارانی گرووپی ئاست نزم بە بەراورد بە ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست بەرز ڕابکێشن.هەربۆیە بەپێی پێوەرەکان، ئەگەر جیاوازیی ڕێژەی هەڵبژاردنی جێگرەوەیەک لە نێوان گرووپی ئاست نزم و ئاست بەرزدا نێگەتیف بێت (واتە ئاست نزمەکان زیاتر هەڵیانبژاردووە)، ئەوا جێگرەوەکە بە کارا دادەنرێت. زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەگەر ئەم جیاوازییە لە (-0.05) زیاتر بێت، ئەوا جێگرەوەکە بە شیاو و کارا دادەنرێت (الظاهر وآخرون، 1999: 131)، لەبەرئەوەی زۆرینەی جێگرەوە هەڵەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەم مەرجەیان تێدا بوو، بڕیاردرا، کە بە گشتی شیاون.

### 3-7-1-4- جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

مەبەست لە تاقیکردنەوەیەکی جێگیر ئەوەیە، ئەگەر هەمان تاقیکردنەوە زیاتر لە جارێک بەسەر هەمان گرووپ لە تاکەکاندا و لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا جێبەجێبکرێتەوە، دەبێت هەمان ئەنجام یان ئەنجامێکی زۆر نزیک لەوەی پێشوو بەدەستبهێنێت (الشجيري والزهيري،2022: 282). توێژەر تاقیکردنەوەکەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا (واتە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی) ئەنجامدا، بەڵام لەسەر نموونەیەک، کە لە دەرەوەی نموونەی سەرەکیی توێژینەوەکە بوو، هەروەها پشتی بە شێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە) بەست، تاقیکردنەوەکە لەسەر (44) خوێندکاری قوتابخانەی (بانەی) بنەڕەتی ئەنجامدرا، تاقیکردنەوەی یەکەم لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (2024/11/12) ئەنجامدرا، پاشان دوای ماوەی نزیکەی (دوو هەفتە) هەمان تاقیکردنەوە دووبارە بەسەر هەمان خوێندکاراندا جێبەجێکرایەوە، تاقیکردنەوەی دووەم لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (2024/11/26) ئەنجامدرا.

توێژەر دوای کۆکردنەوەی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆن پەیوەندیی نێوان نمرەکانی هەردوو جارەکەی هەژمارکرد، ئەنجامی هەژمارکردنەکە نیشانیدا، کە بەهای هاوکۆلکەی جێگیری بریتیبوو لە (0.91)، ئەم بەهایە بە بەهایەکی زۆر بەرز دادەنرێت، چونکە تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوت، کە مامۆستا دروستیدەکات، ئەگەر جێگیرییەکەی لە نێوان (0.70 – 0.90) بێت، ئەوا بە تاقیکردنەوەیەکی باش و جێگیر دادەنرێت (شواهين، 2018: 119)، لەبەرئەوەی بەهای جێگیری ئەم تاقیکردنەوەیە (0.91) زۆر لەم مەودایەش بەرزترە و لە هەمانکاتدا ئاستی بەڵگەداری هاوکۆلکەی جێگیری بۆ دەستکەوتی خوێندن لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم دەکاتە (0.000) و ئەم نرخەش لە ئاستی ڕێپێدراوی ئاماری (0.05) بچوکترە، واتە دەتوانرێت بوترێت، کە تاقیکردنەوەکە لە ڕووی جێگیرییەوە ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە (بڕوانە خشتەی (13)) .

خشتەی (13) بەهای هاوکۆلکەی جێگیری بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| گۆڕاوەکان | | دەستکەوت لە تاقیکردنەوەی دووەم |
|---|---|---|
| دەستکەوت لە تاقیکردنەوەی یەکەم | هاوکۆلکەی پەیوەندی | 0.91 |
| | ئاستی بەڵگەداری | 0.000 |

## 3-7-2- تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی:

بەهـــۆی نەبـــوونی تـــاقیکردنەوەیەکی گونجـــاوی تـــایبەت بە پێـــوانەکردنی بیرکـــردنەوەی بینیـــنی لە بـــابەتە کۆمەڵایەتییەکـان - جوگرافیـــای پـــۆلی هەشـــتەمی بـــنەڕەتی، کە لەگەڵ پێداویســـتییەکانی ئەم تـــوێژینەوەدا بگونجێـــت، تـــوێژەر تـــاقیکردنەوەیەکی نـــوێی ئامـــادەکرد، بنچینـــەی تیـــۆری تـــاقیکردنەوەکە: ئەم تـــاقیکردنەوەیە لە ڕێـگەی پشتبەســـتن بە ئەدەبیـــاتی پەیوەســـت بە بیرکـــردنەوەی بینیـــنی و ســـوودوەرگرتن لە ســـەرچاوەکان و تـــوێژینەوە پێشـــووەکان لە بـــارەی بیرکـــردنەوەی بینینـــیەوە ئەنجامـــدراون، وەک توێژینەوەکـانی (ســـۆران حـــمە امـین احمـد مەلا :٢٠٢٤) و (قصی ـ عـادل صـالح :٢٠٢٢) و (ألاء خليـل أبـو ليلـة :٢٠١٧) تـــاقیکردنەوەکەی ئامـــادەکرد. ئامـــانجی تـــاقیکردنەوەکە: دەرخســـتنی کـــاریگەریی ســـتراتیجی نەخشـــە هزرییەکـــان لەســـەر بیرکـــردنەوەی بینینـــیی خوێنـــدکارانی پـــۆلی هەشـــتەمی بـــنەڕەتی. نـــاوەڕۆک و پێکهـــاتەی تـــاقیکردنەوەکە: تـــوێژەر لە دروســـتکردنی بڕگەکـــانی تـــاقیکردنەوەکە ســـوودی لە نـــاوەڕۆکی کتێـــبە جوگرافییەکـــان بە گشـــتی و بەتـــایبەتی جوگرافیـــای کیشـــوەرەکانی جیهـــان وەرگـــرت. دواتـــر بە پشتبەســـتن بە کارامەییەکـــانی بیرکـــردنەوەی بینیـــنی، کە لە (3) کـــارامەیی پێکهـــاتبوو وەك کـــارامەیی ( ناســـینەوەی بینیـــنی: (١٢) بـــڕگە، پەیـــبردن بە پەیوەنـــدییەکان: (١٠) بـــڕگە، شـــیکردنەوەی بینیـــنی: (٨) بـــڕگە) بـــوون. تایبەتمەنـــدییەکانی تـــاقیکردنەوەکە: بڕگەکـــانی تـــاقیکردنەوەکە، کە لە (٣٠) پرســـیار پێکهـــاتبوو، ئامـــادەکرا، تـــاقیکردنەوەکە لە جـــۆری هەڵـــبژاردن لە چەنـد دانەیەک بـــوو، هەر پرسـیارێک چـــوار بـــژاردەی هەبـــوو (أ، ب، ج، د)، کە خوێنـــدکار دەبێـــت یەکێکیـــان هەڵبژێرێـــت.سیســـتەمی نمـــرەدان : تـــاقیکردنەوەکە لەســـەر (٣٠) نمـــرە بـــوو، خوێنـــدکار بـــۆ هەر وەڵامـــێکی ڕاســـت (١) نمـــرە وەردەگرێـــت و بـــۆ هەر وەڵامـــێکی هەڵە (٠) نمرە وەردەگرێت.

- توێژەر لە کاتی ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ئەم خاڵانەی لە بەرچاوگرتووە:
- ئاسانی زمان و ڕوونی دەربڕینەکان.
- وشە و ڕستە و نەخشەو وێنە بینینیەکان ڕوون و ئامانجدار بن.
- لەگەڵ ئاستی فێربوون و تێگەیشتنی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی گونجاو بن.

### 3-7-2-1- دانانی ڕێنمایی وەڵامدانەوە بۆ پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

توێژەر ڕێنمایی وەڵامدانەوەی بۆ پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە ئامادەکرد.

### 3-7-2-2- ڕاستێتی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی:

توێژەر لە شێوەی سەرەتاییدا هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکەی بە شێوەی بیناو (نەخشە، وێنە)ی تایبەت بە تاقیکردنەوەکەی خستەبەردەستی کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆڕی هەڵبژێردراو لە بوارەکانی پەروەردە و دەروونزانی و جوگرافیا. داوا لەم شارەزایانە کرا، کە بۆچوونی خۆیان لەسەر چەند لایەنێکی پێوەرەکە دەربڕن، بە تایبەتی گونجاوی بڕگەکانی بیرکردنەوەی بینینی بۆ پێوانەکردنی ئەو کارامەییانەی، کە مەبەستە بیپێوێت، ڕوونی و ئاشکرایی بڕگەکان و (نەخشە، وێنە)کان بۆ خوێندکاران، هەروەها گونجاوی گشتی تاقیکردنەوەکە بۆ بەکارهێنان لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر دوای کۆکردنەوەی بۆچوونی پسپۆڕان بە بەکارهێنانی هەردوو شێوازی ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن و هەروەها هاوکێشەی ڕێککەوتنی جی کوپەر (J. Cooper) ڕادەی هاوڕایی و ڕێککەوتنی نێوان هەڵسەنگێنەرانی شیکردووە و بڕیاردرا، کە هەر بڕگەیەک یان لایەنێکی تاقیکردنەوەکە ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕانی لەسەر بگاتە (٨٠٪) یان بەرزتر، وەک شیاو و پەسەندکراو هەژماربکرێت، لەبەرئەوەی ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر زۆربەی لایەنەکانی تاقیکردنەوەکە لەم ئاستەدا بوو یان بەرزتر بوو، توێژەر پشتی بە بۆچوونی ئەم پسپۆڕانە بەست و تاقیکردنەوەکەی وەک ئامرازێکی خاوەن ڕاستی گونجاو بۆ بەکارهێنان لە توێژینەوەکەدا پەسەندکرد.

### 3-7-2-3- جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی:

بۆ جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی، توێژەر پشتی بە شێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە ) بەست، لەم شێوازەدا هەمان تاقیکردنەوە دووجار بەسەر هەمان نموونەی خوێندکاراندا جێبەجێدەکرێت و ماوەیەکی کاتی گونجاو لە نێوان هەردوو جێبەجێکردنەکەدا دەبێت. توێژەر ئەم ڕێکارەی لەسەر (34) خوێندکاری قوتابخانەی (بانە)ی بنەڕەتی ئەنجامدا، تاقیکردنەوەی یەکەم لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2024/11/12) ئەنجامدرا، پاشان دوای ماوەی نزیکەی (دوو هەفتە) هەمان تاقیکردنەوە دووبارە بەسەر هەمان خوێندکاراندا جێبەجێکرایەوە، تاقیکردنەوەی دووەم لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2024/11/26) ئەنجامدرا ، توێژەر دوای کۆکردنەوەی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە (یەکەم و دووەم) بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆن پەیوەندیی نێوان نمرەکانی هەردوو جارەکەی هەژمارکرد، ئەم بەهایە وەک هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوەکە هەژمارکرا. ئەنجامی هەژمارکردنەکە نیشانیدا، کە بەهای هاوکۆلکەی جێگیری بریتیبوو لە (0.88)، ئەم بەهایە بە بەهایەکی زۆر بەرز دادەنرێت. هەر تاقیکردنەوەیەک، ئەگەر جێگیرییەکەی لە نێوان (0.70 – 0.90) بێت، ئەوا بەپێی (شواهین، 2018: 119) بە تاقیکردنەوەیەکی باش و جێگیر دادەنرێت، لەبەرئەوەی بەهای جێگیری ئەم تاقیکردنەوەیە (0.88) بوو، کە زۆر لەم مەودایەش بەرزترە، لە هەمانکاتدا ئاستی بەڵگەداری هاوکۆلکەی جێگیری بۆ

بیرکردنەوەی بینینی لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم دەکاتە (0.000) و ئەم نرخەش لە ئاستی ڕێپێدراوی ئاماری (0.05) بچوکترە، واتە دەتوانرێت بوترێت، کە تاقیکردنەوەکە لە ڕووی جێگیرییەوە ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە (بڕوانە خشتەی (14)) .

خشتەی (14) بەهای هاوکۆلکەی جێگیری بۆ تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی

| گۆڕاوەکان | | بیرکردنەوەی بینینی لە تاقیکردنەوەی دووەم |
| --- | --- | --- |
| بیرکردنەوەی بینینی لە تاقیکردنەوەی یەکەم | هاوکۆلکەی پەیوەندی | 0.88 |
| | ئاستی بەڵگەداری | 0.000 |

### 3-7-2-4  هاوکۆلکەی قورسی بڕگەکانی بیرکردنەوەی بینینی:

دوای کۆکردنەوەی وەڵامەکان پرۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی هەموو خوێندکاران بۆ بڕگەکانی بیرکردنەوەی بینینی بە پشتبەستن بە کلیلێکی وەڵامی ستاندارد ئەنجامدرا، پاشان نمرەی کۆی هەر خوێندکارێک هەژمارکرا و نمرەکان لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین ڕیزبەندیکران (ڕیزبەندی تنازلی)، بە مەبەستی دیارکردنی هاوکۆلکەی قورسی بڕگەکان، ئەم هاوکۆلکەیە بریتییە لە ڕێژەی سەدی ئەو خوێندکارانەی، کە توانیویانە بە دروستی وەڵامی ئەو بڕگە تایبەتە بدەنەوە، لە کۆی گشتی ئەو خوێندکارانەی کە هەوڵی وەڵامدانەوەی بڕگەکەیان داوە، ئەمەش بەپێی (McNamara, 2000: 65–70). توێژەر بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی قورسی بۆ هەریەک لە (30) بڕگەکەی بیرکردنەوەی بینینی یاسا و هاوکێشەی ستانداردی تایبەت بە هاوکۆلکەی قورسی بەکارهێنا، کە بریتییە لە کۆی ژمارەی وەڵامە دروستەکان لە هەردوو گرووپی ئاست بەرز و نزم دابەشکراو بەسەر کۆی ژمارەی خوێندکاران لە هەردوو گرووپدا. لە ئەنجامی شیکارییەکاندا، ئەوە دەرکەوت، کە ئاستی قورسی بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە دەکەوێتە نێوان (0.20) و (0.66)، ئەم مەودایە بە گشتی بە مەودایەکی پەسەندکراو دادەنرێت بۆ تاقیکردنەوەکانی بیرکردنەوەی بینینی. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن، ئاستی قورسی (یان ئاسانی) بڕگەیەک بە پەسەند دادەنرێت، ئەگەر بەهای هاوکۆلکەکەی بکەوێتە نێوان (0.20) و (0.80) (یان 20% بۆ 80%)، بڕگەکانی دەرەوەی ئەم مەودایە لەوانەیە زۆر ئاسان یان زۆر قورس بن و پێویستیان بە پێداچوونەوە هەبێت بەپێی (Nitko ,1996:258-266)، لەبەرئەوەی هەموو بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە لەم مەودای پەسەندکراوەدا بوون، بڕیاردرا، کە لە ڕووی ئاستی قورسییەوە گونجاون.

### 3-7-2-5- هێزی جیاکاریی بڕگەکانی بیرکردنەوەی بینینی:

توێژەر بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکاریی هەریەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پشتی بە هاوکێشەیەکی ستانداردی تایبەت بەست، کە بریتییە لە جیاوازی نێوان ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاست بەرز و ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاست نزم بۆ هەمان بڕگە. لە ئەنجامی شیکارییەکاندا، ئەوە دەرکەوت، کە بەهای هاوکۆلکەی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی دەکەوێتە نێوان (0.2٣) و (0.41). بەپێی پێوەرە باوەکان لە بواری پێوانە و هەڵسەنگاندندا، بە گشتی هەر بڕگەیەک کە هاوکۆلکەی هێزی جیاکارییەکەی (0.20) یان زیاتر بێت، بە بڕگەیەکی پەسەندکراو و خاوەن هێزی جیاکاریی باش دادەنرێت، بڕگەکانی خوار ئەم ئاستە لەوانەیە پێویستیان بە پێداچوونەوە یان لابردن هەبێت (McNamara, 2000: 66–67)، لەبەرئەوەی هەموو بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە بەهای هێزی جیاکارییان لە (0.20) زیاتر بوو، ئەوا هەموویان وەک بڕگەی پەسەند لە ڕووی هێزی جیاکارییەوە هەژمارکران.

### 3-7-2-6-کارایی جێگرەوە هەڵەکان بۆ بڕگەکانی بیرکردنەوەی بینینی:

توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تایبەت بە دیاریکردنی کارایی هەر جێگرەوەیەکی هەڵە، کە زۆرجار بە بەراوردکردنی ژمارەی هەڵبژاردنی جێگرەوەکە لە لایەن گرووپی ئاست نزم و ئاست بەرزەوە دەکرێت، کارایی جێگرەوە هەڵەکانی بۆ هەموو (30) بڕگەکەی جۆری هەڵبژاردن شیکردەوە، ئەنجامەکان نیشانیاندا، کە بەهای کارایی بۆ جێگرەوە هەڵەکان دەکەوێتە نێوان (0.41-) و (0.09)، گرنگتر لەم ژمارانە، شیکارییە وردەکان دەریانخست، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگرەوە هەڵەکان توانیبوویان سەرنجی ژمارەیەکی زیاتری خوێندکارانی گرووپی ئاست نزم بە بەراورد بە ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست بەرز ڕابکێشن. بەپێی پێوەرەکان، ئەگەر جیاوازی ڕێژەی هەڵبژاردنی جێگرەوەیەک لە نێوان گرووپی ئاست نزم و ئاست بەرزدا نێگەتیڤ بێت (واتە ئاست نزمەکان زیاتر هەڵیانبژاردووە)، ئەوا جێگرەوەکە بە کارا دادەنرێت، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەگەر ئەم جیاوازییە لە (0.05-) زیاتر بێت، ئەوا جێگرەوەکە بە شیاو و کارا دادەنرێت (وەک الظاهر وآخرون،1999: 131 باسیانکردووە)، لەبەرئەوەی زۆرینەی جێگرەوە هەڵەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەم مەرجەیان تێدا بوو، بڕیاردرا، کە بە گشتی شیاون.

### - هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە (ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە):

- پرۆسەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوە کاتییانەی خوارەوە ئەنجامدرا:

**1-** لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (12 / 11 / 2024) تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی بۆ جێگیریی وەک ئەزموونێکی سەرەتایی ئەنجامدرا، ئەمەش لەسەر نموونەیەک بوو، کە لە نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە جیاواز بوو.

**2-** بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێگیریی تاقیکردنەوەکە، هەمان تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (26 / 11 / 2024) دووبارە ئەنجامدرایەوە.

**3-** تاقیکردنەوەی یەکەم لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (12 / 11 / 2024) بۆ دەستکەوتی خوێندن بۆ جێگیریی وەک ئەزموونێکی سەرەتایی ئەنجامدرا، ئەمەش لەسەر نموونەیەک بوو، کە لە نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە جیاواز بوو.

**4-**بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێگیریی تاقیکردنەوەکە هەمان تاقیکردنەوەی یەکەم بۆ دەستکەوتی خوێندن لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (26 / 11 / 2024) دووبارە ئەنجامدرایەوە.

**5-** تاقیکردنەوەیەک لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (19 / 3 / 2025) بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاریی پێشووی هەردوو گرووپی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا ئەنجامدرا.

**6-** ڕێکەوتی (20 / 3 / 2025) بە مەبەستی زانینی گەشەی بەدەستهێنراو تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ بیرکردنەوەی بینینی بەسەر خوێندکارانی هەردوو گرووپدا جێبەجێکرا.

**7-**ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (24 / 3 / 2025) تاقیکردنەوەی ئاستی زیرەکی هاوکات بۆ سەرجەم خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە ئەنجامدرا.

**8-**پرۆسەی وانەوتنەوەی کرداری لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (25 / 3 / 2025) دەستپێکرد، وانەکان بەپێی ئەو پلانەی، کە پێشتر بۆیان ئامادەکرابوو، بەڕێوەچوون، بە جۆرێک کە هەر گرووپێکی توێژینەوە لە هەفتەیەکدا (3) بەشەوانەی وەردەگرت.

**9-**پرۆسەی وانەوتنەوە بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوەکە بەردەوام بوو، تا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (8 / 5 / 2025) کۆتایی بەم قۆناغە هێنرا.

**10-**لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (11 / 5 / 2025) دوای ئامادەکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی گونجاو و تێکەڵکردنی هەردوو گرووپی توێژینەوە لە هۆڵی قوتابخانەکە بە یارمەتی ستافی کارگێری و مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان تاقیکردنەوەی کۆتایی (پاشینە) بۆ پێوانەکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندن بەسەر هەردوو گرووپی توێژینەوەدا جێبەجێکرا.

**11-** لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (12 / 5 / 2025) بە پەیڕەوکردنی هەمان ڕێکارەکانی پێشووی تاقیکردنەوەکان، بە ڕەچاوکردنی کاتی پێویست و چاودێری وردی پرۆسەکە بە مەبەستی زانینی گەشەی بەدەستهێنراو تاقیکردنەوەی کۆتایی (پاشینە) بۆ بیرکردنەوەی بینینی ئەنجامدرا.

## بەشی چوارەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان:

### 4-1- خستنەڕووی ئەنجامەکان:

توێژەر پاش تەواوبوونی ئەزموونی توێژینەوەکە بەپێی گریمانەکان و لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەو داتایانەی بەدەستهێنابوو، ئەنجامەکانی خستەڕوو بەم شێوەیە:

### 4-1-1- گریمانەی یەکەم:

جیاوازیی ئاماری لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندەی نمرەی گرووپی ئەزموونی نییە ، کە بەپێی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندەنمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بە (ڕێگای ئاسایی) لەتاقیکردنەوەی دەستکەوت وانەیان پێدەوترێتەوە.

توێژەر بە مەبەستی سەلماندنی ڕاستی یان ناڕاستی ئەم گریمانەیە ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی دەستکەوتی خوێندکارانی هەردوو گرووپ لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیادا دەرکردووە، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t. test) بۆ بەراوردکردنی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان SPSS) دەرکەوت، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو، کە بریتیبوو لە (4.663) لە بەهای (t)ی خشتەیی گەورەترە، کە بریتیبوو لە (2.013) بە پلەی ئازادی (46) و لەسەر ئاستی ماناداری (0.05)، بۆ وردەکاریی ئەنجامەکان (بڕوانە خشتەی (15))، کە ئەنجامەکان پیشاندەدات.

خشتەی (15) ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و بەهای(t. test)ی هەژمارکراو و خشتەیی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا

| گرووپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | نرخی (t) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 24 | 22.25 | 4.09 | 4.663 | 2.013 | 46 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 24 | 15.92 | 5.24 | | | | |

بە پشتبەستن بەم ئەنجامە ئاشکرا دەبێت، جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان تێکڕای ئاستی دەستکەوتی گرووپی ئەزموونی و تێکڕای ئاستی دەستکەوتی گرووپی کۆنترۆڵکراودا بوونی هەیە، ئەم جیاوازییەش لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە. واتە بەپێی ئەم ئەنجامە گریمانەی پووچەڵ (سفر)ی، کە توێژەر دایناوبوو، ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بدیل) پەسەنددەکرێت.

بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندکاران هاوکۆلکەکانی قەبارەی کاریگەریی (هاوکۆلکەکانی ئیتا سکوێر و کۆهین دی)، کە بە هێماکانی $\eta^2$ و d نیشاندەدرێن، بەکارهێنران، ئەوە دەرکەوت، نرخی قەبارەی کاریگەریی

(Cohen's d) بۆ دەستکەوتی خوێنکاران بریتییە لە (1.357) بە پلەی ئازادی (46)، ئەم بەهایە ئاماژە بەوە دەکات، قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر بەهێزە، کە بەپێی پێوەرەکان بە کاریگەرییەکی زۆر بەهێز دادەنرێت (بڕوانە خشتەی (18)).

## 4-1-2- گریمانەی دووەم:

لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی بیرکردنەوەی بینینی جیاوازیی ئاماری لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندەنمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی نییە، کە بەپێی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندەنمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە.

توێژەر بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی جیاوازی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی تایبەت بە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی بەرامبەر بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا بۆ خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوە دەرکرد، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t. test) بۆ هەر دوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو (4.714) لە بەهای (t)ی خشتەیی گەورەترە، کە بریتیبوو لە (2.013) بە پلەی ئازادی (46) و لەسەر ئاستی مانادارى ( 0.05) (بڕوانە خشتەی (16) )، کە ئەنجامەکان پیشاندەدات.

خشتەی (16)ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و بەهای (t. test) هەژمارکراو و خشتەیی لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی بیرکردنەوەی بینینی

| گرووپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | نرخی (t) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 24 | 8.25 | 3.91 | 4.714 | 2.013 | 46 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 24 | 3.67 | 2.73 | | | | |

بە پشتبەستن بەم ئەنجامە دەردەکەوێت، کە جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان تێکڕای جیاوازی نمرەکانی پێشینە و پاشینەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و تێکڕای جیاوازی نمرەکانی پێشینە و پاشینەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراوداهەیە، ئەم جیاوازییەش لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە. ئەمە نیشانیدەدات، ستراتیجی نەخشە هزرییەکان بە بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی کاریگەریی زۆر بەهێز و ئەرێنی لەسەر بیرکردنەوەی بینینی خوێندکاران بەرامبەر بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا هەبووە. هەربۆیە، گریمانەی سفر ( پووچەڵ)، کە توێژەر دایْنابوو، ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بدیل) پەسەنددەکرێت، کە ئاماژەیە بە بوونی جیاوازییەکی مانادار لە نێوان هەردوو گرووپدا.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەسەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینیی خوێندکاران هاوکۆلکەکانی قەبارەی کاریگەریی (ئیتا سکوێر و کۆهین دی) بەکارهێنران، ئەوە دەرکەوت، نرخی قەبارەی کاریگەریی (Cohen's d) بۆ بیرکردنەوەی بینینی بریتییە لە (1.380) بە پلەی ئازادی (46). ئەم بەهایە ئاماژە بەوە دەکات، قەبارەی کاریگەرییەکە زۆربەهێزە و بە کاریگەرییەکی زۆر بەهێز دادەنرێت (بڕوانە خشتەی (18)).

## 4-1-3- گریمانەی سێیەم:

لە تاقیکردنەوەی پاشینەی بیرکردنەوەی بینینی جیاوازیی ئاماری لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندەنمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی نییە، کە بەپێی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندەنمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە.

توێژەر بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی تایبەت بە بیرکردنەوەی بینینی بەرامبەر بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا بۆ خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە دەرکرد، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( t. Test) بۆ هەردوو دوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت، کە بەهای (t)ی هەژمارکراو (5.230) لە بەهای (t)ی خشتەیی گەورەتر بوو، کە بریتیبوو لە (2.013) بە پلەی ئازادی (46) و لەسەر ئاستی مانادارى (٠,٠٥) (بڕوانە خشتەی (17)، کە ئەنجامەکان پیشاندەدات.

خشتەی (17) ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری و بەهای (t. test ) هەژمارکراو و خشتەیی بۆ بیرکردنەوەی بینینی لە نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشی

| گرووپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | نرخی(t) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 24 | 21.50 | 3.26 | 5.230 | 2.013 | 46 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 24 | 16.58 | 3.25 | | | | |

بەم شێوەیە ئاشکرا دەبێت، کە جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە نێوان تێکرای نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و تێکرای نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆلکراودا هەیە، ئەم جیاوازییەش لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە، ئەمە بەو مانایە دێت، کە ستراتیجی نەخشە هزرییەکان کاریگەرییەکی زۆر بەهێزو ئەرێنی لە بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکاران بەرامبەر بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بە بەراورد لەگەڵ ڕێگەی ئاسایی هەبووە، بەم ئەنجامە گریمانەی سفر (پووچەڵ)، کە توێژەر دایناببوو، ڕەتدەکرێتەوە، گریمانەی جێگرەوە (بدیل) پەسەنددەکرێت، کە ئاماژەیە بە بوونی جیاوازییەکی مانادار لە نێوان هەردوو گرووپدا.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لە تاقیکردنەوەی پاشینەی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی هەردوو گرووپ هاوکۆلکەکانی قەبارەی کاریگەریی (ئیتا سکوێر و کۆهین دی)، کە بە هێماکانی $\eta^2$ و d نیشاندەدرێن، بەکارهێنران، ئەوە دەرکەوت، کە نرخی قەبارەی کاریگەریی (Cohen's d) لە تاقیکردنەوەی پاشینەدا بۆ بیرکردنەوەی بینینی خوێندکاران بریتییە لە (1،512) بە پلەی ئازادی (46)، ئەم بەهایە ئاماژە بەوە دەکات، قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر بەهێزە و بە کاریگەرییەکی زۆر بەهێز دادەنرێت، بڕوانە خشتەی(18)).

خشتەی (18) هاوکۆلکەی (ئیتاوکۆهین ) بۆ نرخی قەبارەی کاریگەریی (ستراتیژی نەخشە هزرییەکان) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆکان

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | نرخی (t)ی هەژمارکراو | نرخی دووجای ئیتا η2 | نرخی (d) کاریگەر | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ستراتیجی نەخشە هزرییەکان | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | 4.663 | 0.321 | 1.357 | زۆر بەهێز |
| | تاقیکردنەوەی (پێشی وپاشی) بیرکردنەوەی بینینی | 4.714 | 0.326 | 1.380 | زۆر بەهێز |
| | تاقیکردنەوەی پاشی بیرکردنەوەی بینینی | 5.230 | 0.373 | 1.512 | زۆر بەهێز |

بەم شێوەیە نرخی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیجی نەخشە هزرییەکان) لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکان (دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی) دیاریدەکرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی ڕاڤەکردنی هاوکۆلکەکانی (ئیتا سکوێر) و (کۆهین دی) (بڕوانە خشتەی (19)، کە پێوەرەکانی ڕاڤەکردن پیشاندەدات.

خشتەی (19) نرخی ئاستی ئاماژەیی قەبارەی هاوکۆلکەی ئیتا و کوهین دی

| هاوکۆلکەی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەر | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووک | مامناوەند | بەهێز | زۆر بەهێز |
| ($\eta^2$) | 0.01 | 0.06 | 0.15 | 0.20 |
| (d) | (0.2-0.4) | (0.4-0.7) | (0.8-1.1) | (1.1- زیاتر) |

(kiss, 1996: 276)

## 4-2- گفتوگۆی ئەنجامەکان:

بە پێی ئەو ئەنجامانەی لە خشتەکانی (15 ، 16 ، 17) خراوەتەروو، دەردەکەوێت،کە گریمانەی پووچەڵ (سفری) ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل) پەسەنددەکرێت، ئەمە بەو مانایە دێت، لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی بەرەو بابەتەکۆمەڵایەتییەکان . جوگرافیا لە نێوان هەر دوو گرووپی توێژینەوەکەدا هەیە، ئەویش لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونییە. توێژەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ هەردوو گۆڕاوی (دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی بەرەو بابەتەکۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا) کرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **شیکردنەوەی ئەنجامەکانی دەستکەوت:**

ئەنجامە ئامارییەکانی توێژینەوەکە دەریخست، کە ناوەندەژمێری نمرەکانی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی، کە (22.25) نمرەیان بەدەستهێنابوو، ئەم ئەنجامەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە نمرەکانی گرووپی کۆنترۆلکراو بەرزتر بووە، کە (15.92) نمرەیان بەدەستهێنابوو، بە جیاوازی (6.33) نمرە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدا، کە ماناداریيەکی ئاماری نیشاندەدات، ئەم بەرزبوونەوە ئامارییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان، کە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەدا باسکراون. لە ڕوانگەی پوختکردنی زانیارییەوە، خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی توانیویانە بابەتە ئاڵۆزەکان بە شێوەیەکی سادە و ڕوون تێبگەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ ئەو

پێشکەوتنە ڕووندەکاتەوە، بۆیە توێژەر پێیوایە، کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەسەر ئەنجامەکان بۆ (کارایی کات و شوێن) دەگەڕێتەوە، کە گەڕانەوەی خێراتری زانیارییەکانی ئاسانکردووە، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بابەتە جیاوازەکان و خوێنکاراندا، کە بەشێوازی گرووپی کاردەکەن، هەروەها پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوە و شیکردنەوە، نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیاری، دروستکردنی چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان. گرنگی تایبەتی ئەم ستراتیجیە ئەوەیە ڕۆڵی مامۆستا لە دابینکەری زانیارییەوە بۆ ڕاهێنەر و هاوکار گۆڕیوە، لە کاتێکدا خوێندکار لە وەرگری دابڕاوەوە بۆ بەشدارێکی چالاک و تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون گۆڕاوە، لە ڕوانگەی ئامانجە دەروونی و مەعریفییەکانەوە ئەو پێشکەوتنە مانادارە پشتڕاستی ئەو ئامانجانە دەکاتەوە، کە لە بنەمای تیۆری توێژینەوەکە باسکراون، وەك (زیادکردنی متمانە بە خۆبوون، چارەسەرکردنی کێشە هزرییەکان وەک لاوازی تەرکیز و کەمی بیرەوەری، گەشەپێدانی توانا هزرییەکان و باشترکردنی کارامەیی. ئەنجامەکان دەیسەلمێنن، ستراتیجیەتی نەخشە هزرییەکان وا دەکات، کە خوێندکار ڕۆڵێکی جیاواز و چالاکتر لە پرۆسەی فێربووندا ببینێت، ئەم ستراتیجیە خوێندکار دەکاتە چەقی پرۆسەی فێربوون و وا دەکات، بەشدارێکی سەرەکی لە وانەکەدا بێت، کە ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی خوێندکار هەیە.

ئەنجامی ئەم توێژینەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی (ئەبو دیاک:2016) و (حورانی:2011) و (فتح الله:2022) و (فیاض:2015) و (علوان:2021) هاوڕان، کە هەموویان کاریگەریی ئەرێنیی ستراتیجی نەخشە هزرییەکانیان لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی لەسەر دەستکەوت و گۆڕاوەکانی تر سەلماندووە.

**-شیکردنەوەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی بەرەو بابەتەکۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا:**

ئەنجامە ئامارییەکانی توێژینەوەکە دەریخست، بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان کاریگەرییەکی ئەرێنی مانادارى لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی بە بەراورد لەگەڵ گرووپی کۆنترۆڵکراو هەبووە، ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان، کە بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینینی دادەنرێت، لەم توێژینەوەیەدا ستراتیجی نەخشە هزرییەکان بە شێوەیەکی بەهێز و ڕێکخراو(سیستەماتیک) گەشەی بە (3) کارامەیی سەرەکی داوە ئەوانیش: کارامەیی (ناسینەوەی بینینی) لە ڕێگەی ناسینەوە و جیاکردنەوەی ڕەنگەکان و شێوازەکان، کارامەیی (پەیبردن بە پەیوەندییەکان) لە ڕێگەی پێکهاتەی بینینی نەخشەکان، کارامەیی (شیکردنەوەی بینینی) لە ڕێگەی وردبوونەوە لە بەشە جیاوازەکانی نەخشەکان، هەروەها ئەم ستراتیجیە گۆڕانی بنەڕەتی لە ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکاردا کردووە، مامۆستا لە دابینکەری زانیارییەوە بۆ ڕاهێنەر و ڕێبەر گۆڕاوە، لە کاتێکدا خوێندکار لە وەرگری دابڕاوەوە بۆ بەشدارێکەرێکی چالاک گۆڕاوە، ئەم گۆڕانکارییە ژینگەیەکی کارلێکەرانەی دروستکردووە، کە خوێندکاران تێیدا پێکەوە لەسەر هەمان وێنە کاردەکەن و مانای تەواوی دەدۆزنەوە، بە بۆچوونی توێژەر ئەم گۆڕانکارییە ئەزموونێکی فێربوونی قووڵتری دروستکردووە، چونکە خوێندکاران دەتوانن لە دیدگای جۆراوجۆرەوە شیبکەنەوە و بە کاریگەری لەگەڵ یەکتر کاربکەن، ئەم ستراتیجیە دوو شارەزایی گرنگی پەرەپێداوە ئەوانیش:

یەکەم: شارەزایی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی دەربڕین و گوێگرتنەوە.

دووەم: شارەزایی شیکردنەوە لە ڕێگەی سەیرکردنی گشتی پاشان وردبوونەوە.

ئەم دوو شارەزاییە لە ناوەکی ئامانجە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی بینینیدان .

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (فیاض:2015) و (مەلا:2024) و (الأنقر:2017) و (صالح:2022) و (أبو ليلة:2017) و (الخصيبية:2023) هاوڕان، کە هەموویان کاریگەریی ئەرێنیی ستراتیجیە جۆراوجۆرەکانیان لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی سەلماندووە.

## 4-3- دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان وپێشنیازەکان

### 4-3-1- دەرئەنجامەکان:

لە ڕێگەی ڕاڤە و شیکردنەوەی داتاکانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم دەرئەنجامانەی بەدەستهێناوە:

**1-**بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیادا کاریگەرییەکی زۆر بەهێز و ئەرێنی لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوت لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی هەیە.

**2-**ستراتیجی نەخشە هزرییەکان خوێندکاران دەکاتە تەوەری سەرەکی لە پرۆسەی فێربووندا و بەشداری و چالاکییان زیاددەکات، بیرکردنەوەیان چالاك و بەهێز دەکات، ژینگەیەکی کارلێکەر لە پۆلدا دروستدەکات.

**3-**بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان کاریگەرییەکی زۆر بەهێز و ئەرێنی لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی هەیە.

### 4-3-2- ڕاسپاردەکان:

بەپشتبەستن بە ئەنجامە زانستییەکانی توێژینەوەکە، کە کاریگەرییەکی مانادار و ئەرێنی ستراتیجی نەخشە هزرییەکانیان لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی بینینی سەلماند، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

**1-**پێویستە دامەزراوە پەروەردەییەکان بەدواداچوونی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بکەن، هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی درێژخایەن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەردەوامی کاریگەریی ئەرێنیی ستراتیجیەکە.

**2-**بەشداریکردنی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی سەبارەت بە ستراتیجی نەخشە هزرییەکان، تێکەڵکردنی ئەم ستراتیجیە لەگەڵ ڕێبازە فێرکردنە ئاساییەکان و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ دڵنیابوونەوە لە پێشکەوتنی ئەکادیمی خوێندکاران.

**3-**پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی گشتگیر لە لایەن لێپرسراوانی پلاندانان لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و پەرەپێدانی بۆ قۆناغەکانی تر، لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەی پێویست و پشتگیریکردنی توێژینەوەی نوێ لەم بوارەدا.

## 4-3-3- پێشنیازەکان:

بەپشتبەستن بە ئەنجامە زانستییەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو دەخاتەڕوو:

**1-**ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لە بابەتەکانی تری خوێندن، وەک زانست و بیرکاری بۆ سەلماندنی کاریگەریی گشتگیر و فراوانکردنی بەکارهێنان لە سیستەمی پەروەردەیی.

**2-**لێکۆڵینەوە لە جێبەجێکردنی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لە پۆلەکانی پێنجەم، شەشەم و حەوتەمی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی گونجاوترین تەمەن بۆ بەکارهێنانی ئەم ستراتیجیە و بەراوردکردنی ئەنجامەکان.

**3-**ئەنجامدانی توێژینەوەی درێژخایەن بۆ بەدواداچوونی خوێندکاران بۆ ماوەی یەک ساڵی خوێندن بۆ دڵنیابوونەوە لە مانەوەی کاریگەریی ئەرێنیی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن و بیرکردنەوەی بینیی.

**4-**توێژینەوە لەسەر بەراوردکردنی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەگەڵ ستراتیجەکانی نوێی تری فێرکردن، وەک فێربوونی کارلێکەرانە و چارەسەرکردنی کێشە بۆ دیاریکردنی کاریگەرترین ڕێباز لە فێرکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**5-**ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەریی ستراتیجی نەخشە هزرییەکان لەسەر گەشەپێدانی ئاراستەی ئەرێنی و زیادکردنی متمانەبەخۆبوونی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرامبەر بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا، بۆ تێگەیشتنی فراوانتر لە کاریگەریی ئەم ستراتیجیە لەسەر هەڵوێست و بەها پەروەردەییەکان.

## لیستی سەرچاوەکان


1-بۆکانی، سابیر بکر مستەفا (٢٠٢٠): ئینسایکڵۆپیدیای زانستە دەروونییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

2-فتح الله، لانە بهزاد حمە رشید، (2022): کاریگەری نەخشەکانی ژیری لە گەشەپێدانی چەمکە مێژوییەکان و ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی مێژوو لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.

3-قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢٠): تیۆرەکانی فێربوون - جێبەجێکردنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سایە.

4-قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢١): ڕێگاکانی وانەوتنەوە: شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران.

5-مەلا، سوران حەمە ئەمین ئەحمەد (٢٠٢٤): کاریگەری ستراتیجەتی فێرکردنی ئاوێتە لە بەدەستهێنانی چەمکە مێژوییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینیی لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

6-ڕەسووڵ، ئیبراهیم ڕەسووڵ (٢٠١٧): پێوان و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی نارین.

7-أبو الحاج، سها أحمد و المصالحة، حسن خليل (٢٠١٦): استراتيجيات التعلم النشط: أنشطة وتطبيقات عملية، ط١، عمان، مركز ديبونو لتعليم التفكير.

8-أبو ليلة، آلاء خليل عبد القادر (٢٠١٧): أثر توظيف استراتيجية المفاهيم الكرتونية في تنمية مهارات التفكير البصري في مادة العلوم والحياة لدى طالبات الصف الرابع الأساسي بغزة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية، غزة، فلسطين.

9-الأنقر، نيفين رياض (٢٠١٧): فاعلية برنامج مقترح قائم على استخدام شبكات التفكير البصري في تنمية مهارات التفكير عالي الرتبة في العلوم لدى طالبات الصف التاسع بغزة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية، غزة، فلسطين.

10-الجبوري، نبيل كاظم هريبد و نعمة، إقبال عبد الحسين (٢٠١٥): طرائق واستراتيجيات وتقنيات التدريس الحديثة، العراق، جامعة بابل، كلية التربية الأساسية.

11-الجوادي، رياض بن علي (٢٠١٦): مفاهيم تربوية حديثة، ط١، الرياض، دار التجديد للطباعة والنشر.

12- سبيتان، فتحي ذياب (٢٠١٠): أساليب وطرائق تدريس الاجتماعيات. ط١. دار المسيرة للنشر والتوزيع،عمان.

13-الخصيبية، مهلاء بنت مبارك بن راشد (٢٠٢٣): فاعلية التعلم المبني على الأوريجامي في تنمية مهارات التفكير البصري واكتساب المفاهيم العلمية لدى طلبة الصف الأول الأساسي في مادة العلوم. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرقية، سلطنة عمان.

14-الخضور، عبير (٢٠٢١): تقييم معايير محتوى منهاج العلوم وفق مهارات التفكير البصري لدى طالب مرحلة التعليم الأساسي. مجلة العلوم التربوية والنفسية، مجلد ٤، عدد ٤٢.

15-الدباغ، فخري طارق (١٩٨٣): اختبار المصفوفات المتتابعة للعراقيين. الموصل: مطبعة جامعة الموصل.

16-الدريج، محمد جمال الحنصالي و علي الموسوي و سام عمار و علي سعود حسن و محمد الشيخ حمود (٢٠١١): معجم مصطلحات المناهج وطرق التدريس، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم (اليسكو)، مكتب تنسيق التعريف فى الوطن العربي، الرباط،المغرب.

17-الدليمي، أحسان عليوي و المهداوي، عدنان (٢٠٠٥): القياس والتقويم في العملية التعليمية، ط٢، العراق، مكتب أحمد الدباغ.

18-الرفاعي، نجيب عبدالله (٢٠١٣): الخريطة الذهنية: خطوة...خطوة - تعلم أسرار الخريطة الذهنية العجيبة، ط٣، الكويت.

19-الشجيري، ياسر خلف و الزهيري، حيدر عبدالكريم (٢٠٢٢): اتجاهات حديثة في القياس والتقويم النفسي والتربوي، ط١، عمان، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع.

20-شواهين، خير سليمان (٢٠١٨): توجيهات حديثة في القياس والتقويم التربوي، ط١، عمان، عالم الكتب الحديثة للنشر والتوزيع.

21-صالح، قصي عادل (٢٠٢٢): فاعلية استخدام المحاكاة التفاعلية في تنمية المفاهيم العلمية ومهارات التفكير البصري لدى طلاب المرحلة الأساسية في الأردن، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الأوسط، عمان، الأردن.

22-الظاهر، زكريا محمد و تمرجيان و جاكلين و عبدالهادي و جودت عزت (١٩٩٩): مبادئ القياس والتقويم في التربية، ط١، عمان، دار الثقافة.

23-عبد الرؤوف، طارق عبد و المصري، ايهاب عيسى (٢٠١٧): المقاييس والاختبارات - التصميم – الإعداد التنظيم، ط١، القاهرة، المجموعة العربية للتدريب والنشر.

24-عبدالسلام، محمد (٢٠٢١): استراتيجيات التدريس الحديثة دليل المعلم الناجح، [مكان النشر غير محدد]، مكتبة نور.

25-العجرش، حيدر حاتم فالح (٢٠١٣): استراتيجيات وطرائق معاصرة في تدريس التاريخ: ط١، عمان، دار الرضوان للنشر والتوزيع.

26-العشماوي، أحمد إبراهيم عبد الخالق (٢٠٢٢): أثر اختلاف نمطي الاكتشاف (الموجه - شبه الموجه) باستخدام الألعاب التعليمية الإلكترونية في تنمية التحصيل ومهارات التفكير التأملي الجغرافي لدى التلاميذ الصم بالمرحلة الإعدادية المهنية، مجلة كلية التربية - جامعة عين شمس، مجلد ٤٦، عدد ٤.
27-علوان، أحمد سعيد عبد (٢٠٢١): فاعلية الخرائط الذهنية الإلكترونية في تنمية مهارات التفسير والميول نحوها في مبحث التربية الإسلامية لدى طلاب الصف الخامس الأساسي بفلسطين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الأقصى، غزة، فلسطين.
28-عون، عمار سعيد محمد (٢٠١٥): فاعلية استخدام خرائط العقل في تدريس الجغرافيا التحصيل المعرفي وبعض مهارات التفكير البصري لدى الطلاب المرحلة الإعدادية، مجلة بحث العلمي في التربية، عدد ١٦.
29- عبير، أيمن الخضور (٢٠٢٢): فاعلية برنامج مقترح قائم على الألعاب التعليمية في تنمية مهارات التفكير البصري والتحصيل الدراسي لدى تلاميذ الحلقة الأولى من التعليم الأساسي، جامعة البعث، قسم تربية الطفل، سوريا.
30-فان دالين، ديوبولاب (٢٠٠٧): منهج البحث في التربية وعلم النفس، ترجمة نبيل نوفل وآخرون، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية.
31-فياض، ساهر ماجد شعرة (٢٠١٥): أثر توظيف استراتيجيتي المحطات العلمية والخرائط الذهنية في تنمية المفاهيم الفيزيائية ومهارات التفكير البصري في مادة العلوم لدى طلبة الصف الرابع الأساسي بغزة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية، غزة، فلسطين.
32-الكبيسي، عبد الواحد محمد (٢٠٠٧): القياس والتقويم تجديدات ومناقشات، ط١، عمان، دار جرير للنشر والتوزيع.
33-مارجيولز، نانسي (٢٠٠٤): تخطيط الذهن، ط١، السعودية، دار المهمان.
34-المنذري، رنا بنت سالم بن سعيد (٢٠١٦): إستراتيجيات حديثة في التدريس: أصولها الفلسفية وتطبيقاتها في تدريس اللغة العربية، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع.
35-الواجدي، حسنين عدنان مرنض (٢٠١٠)، فاعلية أسئلة التحضير القبلية بالحاسوب في التحصيل والاستبقاء لدى طلاب الصف الأول المتوسط في مادة تاريخ الحضارات القديمة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة كربلاء، كربلاء.
36-الوكيل، حلمي أحمد و محمود، حسين بشير (٢٠٠١): الاتجاهات الحديثة في التخطيط وتطوير مناهج المرحلة الأولى، القاهرة، دار الفكر العربي.
37-الهواري، لبنى سيد نظمي محمود (٢٠٢٠): فاعلية استخدام الخرائط الذهنية في تنمية مهارات التفكير الناقد لدى طالبات قسم الطفولة بجامعة الأميرة نورة، المجلة المصرية للدراسات النفسية، مجلد ٣٠، عدد ١٠٨، يوليو.
38-داود، عزيزحنا و عبدالرحمن انور حسين (1990 ): مناهج البحث التربوى، دار الحكمة الطباعة ونشر، جامعة بغداد.
39-Anwar, A. & Juandi, D. (2020). Studies of level visual thinking in geometry. Journal of Physics: Conference Series, 1470, 012095.
40-Ausubel, D.P. (1968). Educational Psychology: A Cognitive View. New York: Holt, Rinehart & Winston.
41-Buzan, T. & Buzan, B. (1996). The Mind Map Book: How to Use Radiant Thinking to Maximize Your Brain's Untapped Potential. Plume: pp. 23-156.
42-Hu, J. (2024). The challenge of traditional teaching approach: A study on the path to improve classroom teaching effectiveness based on secondary school students' psychology. Proceedings of the 2nd International Conference on Social Psychology and Humanity Studies, 213-219. https://doi.org/10.54254/2753-7048/50/20240945
43-Kiss, H.O. (1996). Statistical concepts for Behavioral science. London Sidney Toronto: Allyn and Bacon.
44-McNamara, T.F. (2000). Language testing. Oxford University Press.
45-Nitko, A.J. (1996). Educational assessment of students. Prentice-Hall Order Processing Center, PO Box 11071, Des Moines, IA 50336-1071. pp. 258–266
46-Queiroz-Garcia, I., Espírito-Santo, H., & Pires, C. (2021). Psychometric properties of the Raven's Standard Progressive Matrices in a Portuguese sample. Revista Portuguesa de Investigação Comportamental e Social, Volume 7, Issue 1, 84-101. https://doi.org/10.31211/rpics.2021.7.1.210

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-14

# The Effect of the Mind Mapping Strategy on Achievement and visual thinking in Social Studies (Geography) among Eighth Grade Basic Education Students in the City of Kalar

**Bakhtyar Karim Rahim [1], Khalil Mohammed Barakhass[1], Munadhil Abas Qasim [2]**

1 - Department of Social Sciences, College of Basic Education, Garmian University, Kurdistan Region – Iraq
2 - Department of Psychology, College of Education, Garmian University, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **July, 2025** |
|---|---|
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October,2025** |

**Keywords**

**(Strategy ,Mind Maps , achievement,Visual Thinking)**

**Corresponding Author**

baxtyar karim779@gmail.com
Munadil.abbas@garmian.edu.krd
khalil.mohammed@garmian.edu.krd

## Abstract

This study investigated the effect of using mind mapping strategy on achievement and visual thinking of eighth-grade students in geography. To achieve study objectives, researcher formulated three null hypotheses. A quasi-experimental design with equivalent groups was employed, comprising an experimental group taught using mind mapping strategy and a control group taught using conventional method. Pre-test and post-test were administered for visual thinking variable, while post-test was used for achievement variable. Study population consisted of all eighth-grade students in the primary schools of Kalar during the 2024-2025 academic year, encompassing 38 schools. Study sample was selected from "Walat" primary school, totaling 48 students who were divided into experimental (24 students) and control (24 students) groups, after excluding repeating students. The researcher ensured equivalence of two study groups regarding variables: parents' educational level, age, intelligence, previous year's grades, prior knowledge, and visual thinking pre-test scores. Two instruments were used: an achievement test with 30 multiple-choice items based on Bloom's Taxonomy levels 1-3, and a visual thinking test with 30 items. The reliability coefficients were 0.91 for the achievement test and 0.88 for the visual thinking test. Upon completion of experimental period, researcher analyzed collected data using statistical methods including T-test and Chi-square. The findings revealed statistically significant differences between the mean scores of experimental and control groups on both achievement and visual thinking tests, in favor of experimental group. At study conclusion, researcher presented findings along with recommendations for relevant stakeholders and suggestions for future researchers.